# دەروونزانی کەسایەتی

# علم النفس الشخصية

# personality

## سێیەمی ڕێنمایی پەروەردەیی دەروونی

د.کاظم زرار احمد گزال

سالْی خوێندنی 2022-2023

## پێشەکی دەروونزانی کەسایەتی :

## دەروونزانی چییە:

**بریتیە لەو زانستەی کە تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی ڕەفتاری مرۆڤ و وە پەیوەندی بەو ژینگەی کە تێیدا دەژی, ئەمەش بە ڕێگای زانستی دەکرێت یان فێردەبێت و چۆن مرۆڤ بیر دەکاتەوە وە چۆن شتەکان دەزانێت واتە ئەو شتانەی کە هەست پێ دەکات و لە ژینگەکە دایەو هەروەها ئەو گۆڕانکاریانە چیین بەسەری دێت لەدەرەوە کاتێك مرۆڤ بیر دەکاتەوە بە زیرەکی یاخود داهێنان دەکات یاخود لەو کاتانەی کە تووشی حاڵەتی نەخۆشی مێشکی یاخود نەخۆشی دەروونی یان جەستەیی هەر ئەندامێکی تری دەبێت, وە هەروەها ئەو گۆڕانکاریانەی کاتێك مرۆڤ هەوڵ وکۆششی بۆ دەکات, یاخود چۆن کاریگەر دەبێت بەشتەکان, وە هەروەها لەوەش دەکۆڵێتەوە کە ئایا مرۆڤ چۆن هەڵسوکەوت و کارلێك دەکات لەگەڵ خەڵکی یاخود لەگەڵ خۆی کاتێك کارێك دەکات وهەروەها هەڵسوکەوتی چۆن وچ گۆڕانکارییەك بەسەری دێت کاتێك دەکەوێتە ژێر کاریگەرو ژێر ڕکێفی شتێك.**

## پێناسەی دەروونزانی:

**بریتیە لە لیکۆڵینەوەیەکی زانستی لە هەڵسوکەوتی ڕەفتاری مرۆڤ و گونجانی لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژی.**

## هەڵسوکەوت (ڕەفتار) وەکو چاڵاکیەکی گشتگیر پێکدێت لە هەندێك لایەن:

**1-زانین وزانیاری:بۆنموونە(زانین, جیاکردنەوە, خەیاڵ کردن, شێوەکردن, هەست کردن, بیرکردنەوە, بیرکەوتنەوە, دەربڕینی هێمای زمانەوانی).**

**2-جوڵەکردن و لێپرسینەوە: بۆنموونە(نووسین, ڕۆیشتن, وەستان, سواربوونی پایسکل, ژەنینی پیانۆ)**

**3-هەڵچوونی ویژدانی: بۆ نموونە( ویستنی بابەتێك یاخود شتێك و پەرۆش بوون بۆی و ڕووتێکردنی یاخود هەستکردنی بە دڵخۆشی و یاخود دڵتەنگی.....).**

**4-کۆمەڵایەتی سکماکی (دروستکراو) بۆنموونە( بەڕێوە چوون, رۆیشتن, دابونەریتەکان).**

## دەروونزانی کەسایەتی:

**گرنگی ولێکۆڵینەوە لەدەروونزانی کەسایەتی گرنگی ئەوتۆی هەیە چونکە وا دەکات کە لەهەڵسوکەوتی کەس بگەیت جا لێرەدا ئەم زانستە پێگەیەکی دیاری هەیە لەناو (دەروونزانی) بە درێژایی مێژوو لە ڕاستیشدا دەتوانین بڵێین کەسایەتی بریتیە لە هەموو شتێك کە پەیوەندی دارە بە دەروونزانی لە ڕاستیشدادەتوانین بڵێین کەکەسایەتی لەڕووی مێژووە وە دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی شارستانیەتی یۆنانی لەو کاتەدا کە ئەکتەرێکی یۆنانی لەسەر شانۆ هەستا بە دانانی ماسك لەسەر دەمووچاوی دادەنێ کە بۆ شاردنەوەی کەمو کوڕیەکانی یان بۆ دەرخستنی چەند هەڵسوکەتێکی ( ڕەفتارێکی ) دیاری کراو لە کەسایەتیدا بەشێوەیەکی ڕوون و دیار.**

**کەسایەتی (تاك)کە تایبەتە بەخۆی وخودێکی سەربەخۆیە و ئەو سیفەت و تایبەت مەندیانەی کە تێیدایە تایبەتە بە خۆی و پێشی دەناسرێتەوە و لەهیچ کەسێکی تر دا بەدی ناکرێت لە هیچ کات ی شوێنێکدا, جا لێرەدا دەتوانین بڵێن هەموو کەسێك ( مرۆڤێك ) هاوشێوەی خۆی نییە و دووبارە نابێتەوە, وە هەروەهاهیچ مرۆڤێك یەکسان نیە بە مرۆڤێکی تر هەرچەندە لەشێوەی دەرەوەو هەڵسوکەوت و ڕواڵەت و کردار لەیەك بچن, وەکو دەڵێن ( چل کەس لە یەك دەچێت ) ئەمە هیچ ڕاستیەکی تێدا نیە و دوورە لە ڕاستی, بەڵکو لەوانەیە لەوە زیاتر هەبێت لە ڕووی شێوەی دەرەوە لە یەك بچن, بەڵام لە ڕووی کەسایەتی کەس لەکەس ناچێت, بەڵکولێکچوونیان تەنها شێوەی دەرەوەو ولایەنی بۆماوەیی(زیندەگی)ە بەڵام لە ڕووی کەسایەتیەوە جیاوازن, هەتا جمکیش (دووانە)بن, لەڕووی شکل و لایەنی بۆماوەیی لە یەك دەچن, بەڵام لە لایەنی کەسیەتی لەیەك ناچن.**

**وە لێرەشدا پێناسەیەکی تەواو و گشتی نیە بۆ چەمکی کەسیەتی کە پێکهاتەیەکی سایکۆلۆجی (دەروونزانی) و کۆمەڵایەتی یە لەهەمان کاتیشدا نادیار و قورسە زۆرجار تێبینی ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆی لەسەر دەکرێت.**

**لێرەدا دوو ڕێگای سەرەکی هەیە لەسەر لێکۆڵینەوەی کەسیەتی نووسیویانە و کاریگەری هەیە:**

**یەکەمیان: کۆمەڵێك زانا لە خۆ دەگرێت کە گرنگی دەدەن بە هەڵسوکەوتەکانی (ڕەفتار) یاخود تێبینی کردنی تاك لەدەرەوە, لێرەدا پێناسەی واطسون کە لەساڵی 1930 بووە کە ئاماژە بە کەسیەتی دەکات و دەڵێت(بریتیە لەچەندێتی ئەی چالاکی یەی بەدیار دەکەون لە ئەنجامی تێبینی کردنێکی ورد لە ماوەیەکی دوور و درێژ بۆ ئەوەی زیاتر زانیاری لەسەر بەدەست بێنین).**

**دووەمیان: هەندێ لە زاناکان گرنگی دەدەن بە لایەنی زانین و لایەنی چەمکە جوڵەییەکان یان هێزی ناوەوەی تاك ئاڕاستە دەکات.**

**لێرەشدا پێناسەی(مورتن برنس Morton Praince) ساڵی1934 کەئاماژە بەکەسایەتی دەکات (بریتیە لەکۆمەڵێك ئامادەکاری وحەزو هەوەس وپاڵنەر و هێزی بایۆلۆجی زیندەیی, وەهەندێك لە وەسفەکان و ئامادەکارییەکان و هیواو ئارەزووی وە دەست هاتوو لە ئەنجامی بوونی شارەزاییەکانەوە.**

**هەردوو پێناسەکە کەم و کورتی تێدایە چونکە هەریەکەیان باسی لایەنێك دەکات هیچ کامیان پەیوەندی بەوی ترەوە نیە پێکەوە نەلکاون چونکە لایەنی یەکەم گرنگی دەدات بەلایەنی دەرەوەو دووەمیان گرنگی دەدات بەلایەنی ناوەوە و ئەوپێکهاتانەی کە ڕێنمایی و دیاری کردنی هەڵسوکەوت بۆ کەسەکە دەکەن.**

**وە هەروەها(البورت Allport) ساڵی 1937 دا دەڵێت( کەسایەتی بریتیە لە ڕێکخستینی جووڵە لەخودی تاکدا بۆ ئەو ئامادەباشی یە دەروونی و جەستەیی کە ڕێگای خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگە دیاری دەکات).**

**وە (بێرت Burt) ساڵی 1937 دەڵێت ( ڕێکخستنی تەواو لە حەزو کۆمەڵێك ئامادەکاری جەستەیی و عەقڵی جێگیر و ڕێژەییە کە تاك جیادەکاتەوە و ڕێگای تایبەت دیاری دەکات بۆ خۆگونجاندنی لەگەڵ ژینگەی ماددی و کۆمەڵایەتی).**

**ئەو زانایانەی لێکۆڵینەوەیان لەواتای کەسایەتی کردووە بەو جۆرە پێناسەی دەکەن.**

**کەسایەتی ئەو ڕێکخستنە تەواوەی دینامیکیە کە بەوهۆیەوە کەسێك لەکەسێکی دیکە جیادەکاتەوە و کەسایەتی پێك دێت لە کارلێکردنی بەردەوامی و ئاڵوگۆری سیستەمەکانی دەروونی و جەستەیی و وروژێنەرەکانی ژینگەی ماددی و کۆمەڵایەتی.**

**جالێرەدا دەگەینە ئەو ڕادەیەی کە دەتوانین کەسایەتی دابەش بکەین بۆ:**

**1-سیستەمی جەستەیی:**

**پەیوەندیدارە بە شێوازو شێوەی مرۆڤ لە لایەنی تەندروستی و جەستەیی و گەشەی جەسەتەیی لە ڕووی درێژی وکێشی و ئەندامەکانی لەش وهەروەها پەیوەندی دارە بە ڕژێنەکانی وشێوەی جوڵەکانی کە ئاماژە و ڕێنیشاندەری ئەوەن کەچۆن ئەندامەکان بگونجێنێ بۆ جوڵە و هەروەها پەیوەندی بە پیشاندانی کەموکوڕی و نەخۆشیە جەستەییەکان.**

**2-سیستەمی مەعریفی:**

**ئەوەیان پەیوەست دەبێ بە فەرمانە ژیری یە بەرزەکان وەك زیرەکی گشتی توانا تایبەتەکان و توانای زمانەوانی و توانای ژمارەیی, توانای میکانیکی هونەری, ئەوە کردارە عەقڵیە بەرزەکانن وەکو ئاگاداربوون و زانین و تێرامان و خەیاڵکردن و بیرکردنەوەی زیرەکی.**

**3-سیستەمی میزاجی:**

**شێوازەکانی چاڵاکی و کاردانەوەی تیا دەستەبەر دەبێ ولێك ئەدرێنەوە بە پاڵنەرە جیاوازەکان وە ئەو سیستەمە ئارەزووی کەس (شەخس) دەردەخات وە ویستەکانی سیمای میزاجی دەیکاتە هێمایەك بۆ خۆڕاگری و کاردانەوەیی یاخود ویستی کۆمەڵایەتی وە بۆ کۆنتڕۆڵ یان پەشیمان بوونەوە یانیش بۆ چاڵاك بوون و تەمبەڵی.**

**لێرانەدا دابەشکردنێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی کەسایەتی پەیوەست بکەین و لایەنی کاردانەوە و وە بڵاوترینیشیان دابەشکردنی ڕیاعیە (لابوقراط Hippocrates) لە سەدەی پێنجەم پێش زاین بریتیە لە:**

**1-شێوازی خوێناوی(Sanguine) گەشبین.**

**2-شێوازی زەرد (Cxholeric) ئازاو هەڵچوو.**

**3-شێوازی ڕەش (Melancholy) ڕامان میلا نخولیا.**

**4-شێوازی لیمفاوی بەڵخەمی (Phlegmatic) تەمبەڵ.**

**وە ئەو دیاردە میزاجیانە بەتایبەتی میزاجیە جەستەییەکان وەکو درێژی کورتی ڕەقی و ویستی یان نەرمی و شێوازی ماسولکەکان وە پێکهاتەی دەربڕینەکانی دەمو چاو..... هتد.**

**هەروەك چۆن لێرانەدا دابەشکردنێکی بەربڵاوی هەیە کە زانا(یۆنگ Yung)لەساڵی 1933 پێشکەشی کردووە بریتیە لە:**

**1-چەشنی گۆشەگیر: بەرەو ناوەکی ئاراستە دەکەن وە بەزۆریش ڕەفتارەکانیان بە فاکتەرە خودی یەکانەوە دیاری دەکرێت.**

**2-چەشنی کراوە: بەشێوەیەکی ئەرێنی خۆی ئاراستە دەکات کەڕازی بوون و تێربوونی لە لایەن کەسانی ترو شتەکانی دەوروبەری دەبینێتەوە.**

**وە (یۆنگ) وای دەربڕی کە کۆمەڵێ ئەرك و تایبەتمەندی, وە کردوویەتی بۆ چوار ئەرك ئەوانیش (بیرکردنەوە, دروشمەکان, هەستکردن, پێشبینی) لەبەر ئەوە دەبنە چەند جۆر و شێواز دەتوانین ئەو هەشت شێوازە ڕوون بکەینەوە, بەم هێلکاریە کە کێشراوە.**

## الانماط الثمانية للشخصية- يونك

### الوظائق الاربعة

| التجاه | التفكير | المشاعر | الحس | الحدس |
|---|---|---|---|---|
| النباط: توجة نحو الاحداث الخارجية | استحمال صيغ فكرية قائمة على حقائق موضوعية | الاحكام نجوص الامورالسارة وغير السارة. تحدد بمصاير خارجية | ادراك واقعي للاحداث الخارجية | النفوذ الى جوهر الاحداث الخارجية |
| الانطواء: ميل نحو الخبرات الذاتية | تحليل تأملي حول الآمور الذاتية | تقويم الامور السارة وغيرلسارة يقوم على مصايير ذاتية | خبرة دقيقة وصادقة بالامور الذاتية | مبدع نجصوص معنى الحالات الذاتية |

عقلاني – تقويمي                غير عقلاني - غيرتقويمي

وە( ولیم شلدون sheldonw) ساڵی 1942 دابەشکردنی سێینەی دانا کە چەشنی جەستە و میزاج بەیەکەوە دەبەستێت:

1-چەشنی دەرەکی(اکتورمورفی Ectomorphy) ئەو چەشنە کە باریکەو کۆئەندامی دەماری بەڕێوەی دەبات, وە ئەو کەسە بە زیرەکی و سوربوون و دەڵەڕاوکێ دەناسرێتەوە.

2-چەشنی مام ناوەندە(میزومورفیMesemorphy )ئەمە چەشنێکی مام ناوەندە بەهێزە لە ڕووی پێك هاتنەوەی ئێسکەکان و ماسولکەکان بەڕێوەی دەبات وکەسەکە بە هاوسەنگی دەروونی دەناسرێتەوە.

3-چەشنی ناوەکی (اندومورفی Endomorphy) ئەم چەشنە قەڵەو پرە کە کۆئەندامی هەرس کۆنترۆڵی کردووە و وەکەسەکە بە دڵ خۆشی و خەندەوە دەناسرێتەوە کەواتە چەشن لە کۆمەڵە سیمایەکی بەیەك بەستراو پێك دێت.

سیما چی یە؟

سیما لای ( گوردن البورت 1879- 1967 ) کە بەڕاگری سیما سایکۆلۆجیەکان ناسراوە لە یەکەی سروشتی بۆ وەسفی کەسایەتی پێك دێتوە بەبڕوای ئەلبورت( سیماکان خەسڵەتی دەروونی دەمارین کاردەکەن لەسەر ئاڕاستەکردنی ڕەفتار بەشێوەی جێگیری ڕێژەیی وتایبەتمەندێتی ).

**وە ئەلبۆرت سیماکانی بەشێوەیەکی گشتی بۆ دووجۆر پۆلێن کردووە:**

**1-سیما تایبەتەکان: کە تایبەتە بە تاك وپێی جیادەکرێتەوە ولەسەر بنەمای بوونی چەندێتی ئەو سیمایە لای تاکەکە.**

**2-سیما گشتی یەکان یان هاوبەشەکان: ئەمەش بەڵگەیەبۆبوونی خەسڵەتەکان وسیماکانی بڵاو ولەیەك چوو لەنێوان کەسانێکی زۆردا, وە جیاوازی نێوانیان بەپلەی بوونی ئەو سیمایە لای هەرتاکێك واتە جیاوازی لەچەندێتی سیماکە نەوەك جۆرەکەی, وە ئەوسیمایانە بەشێوەیەکی اعتدالی لەنێوان بەشێکی زۆری تاکەکان دا بڵاو دەبێتەوە.**

**هەروەها البورت لەسەر بنەمای پلەی دیاریکردنی ڕەفتاری تاك سیماکانی تاکی وتایبەتی بەم شێوەیە پۆلێنکرد:**

**1-سیماکانی سەرەکی(Cardinal traits):ئەویش ئەوسیمایەیە کەکۆنتڕۆڵی چالاکیەکانی تاك دەکات و لە زۆربەی هەڵوێستەکاندا ڕەفتاری ئاڕاستەدەکات و پێی دەناسرێتەوە کەئەمەش سیمای بڵاو نی یە لەنێوان تاکەکاندا.**

**2-سیماکانی ناوەندی(Central traits): ئەویش ئەو سیمایانەیە کە تاك لەیەکێکی ترجیادەکاتەوە, وە بەهۆیەوە دەتوانین پێشبینی ڕەفتاری تاك بکەین کەئەمەش زۆر بڵاوە لەنێوانیان دا بۆیە دەتوانین پێشبینی بکەین و پێوانەی بکەین.**

**3-سیماکانی سانەوی(secondary traist): البورت ئەم سیمایانە بەلاوەکی دادەنێت, چونکە ناتوانێت ڕەفتاری تاك دیاری بکاو پێشبینی بکات, بۆیە ناوی ناوە (ئاڕاستەکان).**

**چەمکی سیمات تەوەری تیۆری(کاتل)ە لە کەسایەتیدا چونکە ناوی تیۆرەکەی بە ( تیۆری سیماکان بۆ کەسایەتی) ناو ناوە, ئامانجی ئەم تیۆرەش بەرەنگاربوونەوە و چارەکردنی ئەو کێشانەی کە ئاستەنگ بوون لەبەردەم تیۆری(البورت)دا کە جەختی کردە سەرزۆری سیماکان وئەو کێشەیەی چارەکرد بەهۆی (شیکردنەوەی فاکتەری) کە (کاتل) بەهۆیەوە توانی کەسیتی سیماکانی کەسایەتی کەم بکاتەوە بۆ(16) فاکتەر یان سیمای سەرچاوەیی, کە بەپێی بۆچوونی (کاتل) بنەمای کەسایەتی پێك دەهێنن:-**

**1-خۆگونجێنەر ← هیشك وڕەق**

**2-هەڵچوو ← هێمن**

**3-بەویژدان ← بێ ویژدان**

**4-شوێنکەوتووی عورف ← گوێ بە عورف نادات**

**5-مەیلی ئیرەیی بردن ← ئیرەیی نابات**

**6-هۆشیارو بەڕەوشت ← سنور بەزێن ودلڕەق**

**7-خۆبەدەستەوە دەر ← خۆڕاگر**

**8-نەرمو نیان ← کەلەڕەق وعیناد**

**9-خۆبەگچکەزان ← خۆبەگەورەزان**

**10-لاواز ← چاڵاك وهۆشیار**

**وە ڕەخنەی زۆر ئاڕاستەی دابەشکردنی جۆرەکانی کەسایەتی کراوە بەپێی(چەشنەکان) کە ئەم چەشنە هەستێکمان دەداتێ بەهەبوونی سنوورێکی یەکلاکەرەوە لەنێوان چەشنەکان, وەڕاستیەکەی ئەوەیە کە چەشنەکان تەنهاحاڵەتە شازو بەدەرەکان نیشان دەدات لەکەسایەتی یەکاندا, وە زۆرینەی خەڵك تێکەڵە بەپلەیەکی زۆر جیاواز لێی وە ئەو پۆلێنە تەنها یەك لای کەسایەتی دەبینێت یان چەند لایەکی کەم وە گوێ بەجیاوازی ترنادات لەنێوان کەسایەتیەکاندا. نموونە( کەسی ناکۆمەڵایەتی ئەکرێ زیرەک یا گێژ بێت یان تەماح یا بێ ئومێد بێ یا مەسلەحەتچی بێ وان بەپێچەوانەوە بەردەوام بێت یان نا....)**

**4-سیستەمی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری: بەپلەی یەك خۆی نیشان دەدات لە ئاڕاستەکانی تاك بەباش دەزانێت یان قەبوڵی دەکەن یان ڕەتی دەکاتەوە, ئەو کەسە(ئازاد)ە ئەوی تر(پارێزگار)ە, ئەوەی یەکەمیان پێی باشترە و ڕازی دەبێت لەسەر بابەتە دیالێکتەکان, وەکودیاریکردنی وەچە ویەکسانیکردن لەنێوان پیاوئافرەت لە فێرکردن وکارکردن و هەڵبژاردنی هاوژین...... هەروەها مەیلی نوێکاری دەکات لەڕێکخستن وسیاسەت, لە کاتێکدا ئەوی تریان دەبینین ئەو بابەتانە ڕەت دەکاتەوە, وە بێ شك وگومان هاوشێوەی ئەم ئاڕاستەو بنەمایانە لەئەسڵ وئەساسدا هەر لەحاڵەتە ژینگەییەکان و کۆمەڵایەتی یەکاندا سەرچاوە دەگرێت.**



## بەشێك لەتیۆری( فرۆید Freud ) 1856-1939:

**فرۆیدfreudلەساڵی 1856لەوڵاتی چیکوسلۆڤاکیای کۆن لەدایك بوەو، دوای(چوار)ساڵ لەگەڵ خێزانەکەی بەرەو( ڤیەننا ) ڕۆیشتوونە.**

**باوکی بازرگانێکی خۆری زۆر سەرکەوتوو نەبوو،هەروەها (فرۆید) لە تەمەنی منداڵی وهەرزەکاری دا لەبارێکی باشدا نەبووە.**

**کە فرۆید لە دایك بوو تەمەنی باوکی (40ساڵ ) بوو، و تەمەنی دایکیشی کە دووەم ژنی باوکی بوو (20ساڵ) بوو، باوکی فرۆید توندڕەو بوو بۆیە (فرۆید) هەستێکی ئاوێتەیی لە ترس و خۆشەویستی بەرامبەر بە باوکی هەبوو، لە هەمان کاتدا دایکی فرۆید، فرۆیدی دەپاراست و زۆر خۆشی دەویست، ڕەنگە ئەم هەڵوێستە ڕێگای خۆش کردبێت بۆ پێکهێنانی بیرۆکەی (گرێی ئۆدیب) کە بەشێکی گرنگی تیۆرەکەی فرۆیدە.**

**لە خێزانی فرۆید هەشت منداڵ هەبوو، کە دوانیان گەورەبوون و لە باوکەوە لە گەڵیان دا برابوو و منداڵی خۆیان هەبوو.**

**وە فرۆیدی بچووك لە کێبڕکێ و ڕق و ناخۆش دابوو لەگەڵ تاکەکانی خێزانەکەیدا، وە چکۆسی یەکی (ئیرەیەکی) توند و تووڕەبونێکی زۆری بەرامبەر ئەو کەسە هەبوو کە کێبڕکێی خۆشەویستی دایکی لەگەڵ کردبا.**

**فرۆید ژیری وزیرەکی هەر لە تەمەنێکی زوو دا لێ بە دیارکەوت و گەلێ حەزوو ئارەزوی هەبوو وەك مێژووی سەربازی، وە ئەو کاتەی گەیشتە ئەو ڕادەی کە پیشەیەك هەڵبژێری لەو پیشانەی کەڕێ پێدراوە بۆ جوولەکەکان لە(ڤیەننا)، ئەوا پزیشکی هەڵبژارد.**

**فرۆید لەڕووی(بیری یەوە)کەوتە ژێرکاریگەری فەلسەفەی وەزعی (الفلسفة الوضعية positivism) کە گرنگی دەدا بەزانست و تەکنیکە زانستییەکان، وەلێرەداهاوشانی ئەوپێشکەوتنە پیشەسازییە بووکە لەسەدەی نۆزدەهەمدا دەدرەوشایەوە. بۆیە فرۆیدهەندێ لەچەمکەکانی تیۆریەکەی خۆی لەم فەلسەفەیە وەرگرت وەك چەمکی (ووزە).**

**چونکە بەپێی بۆچوونی ئەم فەلسەفەیە مرۆڤ وەك ( سیستەمێکی ئاڵۆزە لە ووزە) وە خواردنیش سەرچاوەی ئەم ووزەیە کە سودی لێ دەبینێت بۆ کارپێکردنی کۆئەندام وئەندامەکانی لەش، هەروەك چۆن ئامێرەکان بە ووزە کاردەکەن وەکاتێ کۆئەندام و ئەندامەکانی لەش کاردەکەن کۆمەڵە فەرمانێك و چالاکییەك بەرهەم دێنن وەك(ئاگایی، تێگەیشتن، بەبیرهاتنەوە، بیرکردنەوە.....هتد)**

**وە بەپێی ئەو چالاکییەی کە (ووزە) پێی هەڵدەستێ ناوێکی گونجاوی لێ دەنرێت، بۆنموونە (ووزەی دەروونی) ئەو کردارە ژێریانە بەڕێوە دەبات کە پێشتر باسمان کرد، نموونەیەکی دیکە (ووزەی توخمی یان سێکسی) یان لیبیدۆ libido ئەو ووزەیە کە تێربوونی سێکسی بەڕێوە دەبات.**

**هەروەها لە ئەنجامی قەدەغەکردنی دامەزراندنی فرۆید لە زانکۆو، ڕوودانی جەنگی جیهانی یەکەم ساڵی (1914-1018) وای لە فرۆیدکرد کەهەست بەڕەشبینی لە زروفی ژیان بکات وسروشتی دونیاش بەدەست درێژکەردابنێت. کە ئەمەش یارمەتی فرۆیدی دا کە چەمکی (غەریزەی مردن) پێشکەش بکات.**

## بنەمای کەسایەتی لای فرۆید:

**بنەمای تیۆری فرۆید لە کەسایەتی دا بریتییە لە چەمکی (الحتمية البايولوجية) واتە گرنگی دان بەلایەنی بایۆلۆجی لە کەسایەتی دا و بێ ئەوەی گرنگی یەکی ئەوتۆ بەڕەهەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و کاریگەری بەسەر کەسایەتی دا بدات.**

**وە بەپێی بۆچوونی فرۆید(٣) سیستەم هەیە بۆ بنەمای کەسایەتی وگەشەکردنی، ئەویش بریتین لە:**

### 1-ئەو ID:

**بریتییە لە کۆگایەکی غەریزەکان، ووزەی دەروونی. ID هەوڵ دەدات بۆ کەم کردنەوەی ناڕەحەتی یان لابردنی بە تێربوون بەپێی پڕەنسیپی (چێژوەرگرتن)، ئەم نارەحەتییەش لە ئەنجامی وروژاندنی ناوەکی و دەرەکی دا پەیدا دەبێت. واتەID سیستەمێکی بایۆلۆجی یە بۆچێژی هەنوکەیی هەوڵ دەدا.**

### ٢-من Ego:

**لە ماوەی ساڵی دووەمی گەشەی منداڵدا گەشەدەکات، کە منداڵ ناچاردەبێت کە مامەڵە لەگەڵ واقیعەکەی خۆی دابکات و کارەکانی ڕێك بخات وەك کاتی خواردن، جیابوونەوەو، ڕێك خستنی کرداری خۆڕزگار کردن لە پاشەڕۆك.......هتد، بۆیە دروست بوونی ego گرنگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم واقیعە و دواخستنی ئەم تێر بوونە بۆکاتی پێویست.**

**واتە ego سیستەمێکی سیکۆلۆژییە هەوڵ دەدات بۆ گونجانی تاك لەگەڵ ژینگەی لە بەر ڕۆشنایی ئەم واقیعەی تێیدا دەژی.**

### ٣-منی باڵا super ego:

**ئەمەش سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە هەوڵ دەدات بۆکۆپی کردنی تاك بەشێوەیەکی ڕەوشتی بەپێی چەشنی ئەو ڕۆشنبیریەی کەبڵاوە لەژینگە ودەوروبەری لەبەر ڕۆشنایی واقیعە نموونەییەکەی.**

**ئەم سێ سیستەمەش بە شێوەیەکی کامڵ بە یەکەوە کاردەکەن و، وە بەرهەمی ئەم کامڵ بوونەش ئەم هەڵسوکەوتەیە کە گوزارشت لەکەسایەتی دەکات، لێرەدا هەڵسوکەوت بەهەردوولایەنییەوە:**

**یەکەمیان: هەڵسوکەوتی دیاروئاشکرای تاك واتەDvert Behaviour.**

**دووەمیان: هەڵسوکەوتی شاراوەیە واتە Cover Behaviour کە دەتوانرێت ئاشکرا بکرێت بەڕێگاکانی ناڕاستەوخۆوە کە گوزارشت لەناوەوەی یان قوڵایی کەسایەتی دەکات.**

**فرۆید بۆئەم مەبەستە شێوازی(شیکردنەوەی دەروونی aunaly sis-Psycho)ی داهێنا.**

**دابەش کردنی کەسایەتی:**

**بەپێی چەمك و بۆچوونی فرۆید کەسایەتی دابەش دەکرێتە سەر سێ ئاستی هۆشداری(هەست، پێش هەست، نەست).**

**١-هەست:**

**واتە هەموو (هەستەکان و تاقی کردنەوەکان و، شارەزاییەکان و کە هۆشدارین پێی لەهەر ساتێکدا دەگرێتەوە. وەهۆشداری تەنها بەشێکی بچووکی کەسایەتیمانە.**

**٢-نەست:**

**واتەهەموو(غەریزەکان، ئارەزووەکان، ئەمانییەکان کە هەڵسوکەوت ئاڕاستە و دیاردەکات) دەگرێتەوە، کە ئەمەش کۆگایەکی ئەم هێزەیە کە ناتوانین ببینین وکۆنترۆڵی بکەین، چونکە نەست بریتییە لە هێزی پاڵنەری سەرەکی بۆهەڵسوکەوتی ئێمە و مەڵبەندی شیکردنەوەی دەروونییە، وە نەست بە گەورەترین و گرنگترین بەشی کەسایەتیمان دادەنرێت.**

**٣-پێش هەست:**

**وە لە نێوان هەردوو ئاستی (هەست و نەست) دا فرۆید ئاستی پێش هەستی دانا کە ئەویش بریتییە لە کۆگای بیرەوەریەکان و تێگەیشتنی هەستی یەکان و، بیرەکان و شتی تری هاوشێوە کەهۆشدارنین پێی لەوساتەدا(فی هزە اللعظة)، بەڵام بەئاسانی بۆهۆشداری دەتوانین بیگوازینەوە.**




**دابەش کردنی کەسایەتی لای فرۆید**

# قۆناغەکانی گەشەکردنی دەروونی جنسی

| قۆناغەکانی تەمەن | قۆناغی دەروونی جنسی | ناوچەی چێژ | سروشتی گەشەکردن وتایبەتمەندی یەکانی |
|---|---|---|---|
| ساڵی یەکەم | الفمية oral stage | الفم- دەم | لەگەڵ لەدایك بوونی مرۆڤ(ئەوID) لەدایك دەبێ وبریتی یە لە ووزەغەریزیەکان.<br>منego لەئەوID گەشەدەکاو بۆ ئەوەی گونجان و هاوسەنگی نێوان ئارەزووەکان و واقیع دروست بکات. |
| ساڵی دووەم | الشرجية-Anal stage | الشرج | بەردەوامی لەگەشەکردنی منEgo |
| لە3تا5ساڵ | ئۆدیبی-Phallic stage | ئەندامەکانی جنسی ولەش بەگشتی | گرێی ئۆدیبی بەدیار دەکەوێت، لەگەڵ کۆتایی قۆناغەکە یەکبوون(التوحد)لەگەڵ باوان لەهەمان ڕەگەزدەست پێ دەکات، بەمانای دەست پێکردنی گەشە کردنی منی باڵا، دەست پێ کردنی پرۆسەی چەپاندن وپێك هاتنی ناوەڕۆکی نەست. |
| لە6 تاکۆتایی منداڵ | الكمون-Latency stage | کمون | لەم قۆناغەدا ئارەزووەغەریزیەکان کەم دەبێت،وەتاك مەیلی گەشەکردنی ژیری وگەڕان بەدوای شتدا(الستطلاع). |
| هەرزەکاری | هەرزەکاری Adolescence Gential stage | لە شو ئەندامەکانی جنسی | پێگەیشتنی جنسی لە لایەنی پێکهاتە و فەرمانەوە، سەلامەتی گەشەکردن لەم قۆناغەدا پەیوەستە بە چارەسەری ڕاستی ئاوێتە ئۆدیبیەکان. وەسەرنەکەوتنی ئەم ئاوێتانە لەکاتی خۆی دا دەبێتە هۆی کۆسپ خستنە بەردەم گەشەکردن بەشێوەی(التثبيت أو النكوص) وە بە دیارکەوتنی نیشانەکانی شڵەژانی دەروونی. |

## بەرنامەی فرۆید لەلێکۆڵینەوەی کەسایەتی:

**بەپێی بۆچوونی فرۆید بەرنامەی لێکۆڵینەوەی کەسایەتی بەرنامەیەکی چارەسەری کامڵە و لە چوارچێوەی مرۆڤایەتی دایە کە ئەویش(بەرنامەی کلینیکیی Clinical)ە وبەندە لەسەر لێکۆڵینەوە لە مێژووی بارەکە (تاریخ الحالة) بە شێوازی شیکردنەوەی دەروونی وتەکنیکاتی دیکەیە.**

## ئەم بەرنامەیەش لەسەر سێ بنەما دەوەستێت:

**١-کەسایەتی بە هەموو پێکهاتە و گەشەکردنی یەوە بەشێوەیەکی دینامیکی کاردەکات واتە ئەو هەڵسوکەوتەی کەدەکرێت ئەوا بەرهەمی کارلێکردنی هەرسێ سیستەمە لەناکۆکیەکانی دا.**

**واتە لێکۆڵینەوەی کەسایەتی دەتوانرێ بە لێکۆڵینەوەی ئەو ناکۆکیانە م دابنرێت کە لەنێوان هەر سێ سیستەم داهەیە.**
**بۆ نموونە مرۆڤ هەرلە لە دایك بوونیەوە لەهەڵوێستی ناکۆکی یەك لە داوی یەکدا دەژی دەبێتە هۆی پەیدابوونی بارە ناهاوسەنگەکان، وە مرۆڤ لە هەوڵدان دایە بۆ نەهێشتنی ئەو ناکۆکیانە بۆ نەمانی نارەحەتیەکانی وپێویستیەکانی تێربکات وبەرەو باری هاوسەنگی بگەڕێتەوە.**

**بەڵام کاتێ کە ناتوانێ ئەم ناکۆکیانە کۆتایی پێ بێنێت لە هەڵوێستەکاندا و ناتوانی نارەحەتی لاببات ئەوا کەسەکە پەنادەباتە بەر میکانیزمی بەرگری کردن.**

**٢-کەسایەتی وەك یەك (یەکە) کاردەکات واتە هەمووجۆرەکانی هەڵسوکەوتی کەسایەتی لەهەلوێستی جیاوازی وەك ( لەخێزان، لەکار، لەگەڵ برادەران، لەبازار.....هتد) دەگرێتەوە واتە لە پەیوەندی ئەو هەڵسوکەوتە بە دونیای دەوروبەری تاکەوە، وەجۆرو ئاستەکانیشی جیاوازە.**

**٣-کەسایەتی بەپێی بەرنامەی کلینیکی بەپێی کارلێکردنی کات و شوێن کاردەکات و هەڵوێستە ناکۆکییەکانی تاك تێناگەیەنرێت بە تێگەیشتنی مێژووی ژیانی مرۆڤ نەبێت، واتە کەسایەتی هەر تاکێك بەندی رابردوویەتی وبەهۆی(لێکۆڵینەوەی باری)،(دراسةالحالة Case study)هەرتاکێك هەر لە منداڵی یەوە، بەپێی تەکنیکی پێویست بۆگەیشتنە هەستی ئەوتاکەو پێکهاتەکەی.**

## میکانیزمی بەرگری کردن لە خود Defence mechanisms:

**بەپێی بۆچوونی فرۆید میکانیزمی بەرگریکردن وەك هێزێکی خەفەکردن ( القوة الکاتبة ) لە لایەن (منEgo)ە وەدادەنرێت بۆئەوەی نەهێڵێت شتە خەفەکراوەکانی ناو نەست لەهەست دابە دیاربکەوێت. ئەومیکانزمەش بە بەرگری دانانرێت تەنها ئەگەر ڕوودانی چەند جارێك دووبارە نەبێتەوە لە بەرەنگار بوونەوەی تاقی کردنەوە زۆرەکان هەر لە منداڵی یەوە، ئەم میکانزمانەش بە شێوەیەکی نەستی کاردەکەن، کە ئەمیش وەك هەڵاتن و ڕاکردنێك لە بەرامبەر بەرەنگاربوونەوەی واقیعدا دا دەنرێت، بە شێوازی(نکوڵی کردن شێواندن و شاردنەوە.........هتد)دا**

## چەند میکانیزمێکی بەرگری کردن:

### ١-خەفەکردن(الکبت Repression): خەفەکردن= چەپاندن

مەبەست لەم چەمکە بریتی یە لەمەیلێکی نەستی بۆ لە بیرکردن یان ناهۆشداری بۆئەوەی کاریگەری شتە خەفەکراوەکە قەدەغەبکرێت،کە ئەمەش تەنها لەخەفەکردنێکی سەرکەوتوودا ڕوودەدات.

یان بریتی یە لەکرداری ڕاکێشانی ناکۆکی لە ئاستی هۆشداری یەوە (هەست) بۆئاستی (نەست)ەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ دووربێت لەهەست کردن بەناڕەحەتی ودڵەڕاوکێ وهەست بەگوناهکردن.

### ٢-قەرەبووکردن Compensation:

کاتێك مرۆڤ نوشستی و هەرەس دەهێنێت لە بوارێکدا، هەوڵ دەدات بۆ چارەسەری ئەم ناکۆکیە یان سەرکەوتن بەسەریا لەهەمان بوار یان لەبوارێکی دیکەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ وهەرەس هێنانی یەکەمی قەرەبوو بکاتەوە، بۆنموونە (دیموستین) لەوتارخوێندەوە (الخطابة).

### ٣-نکوڵی یان حاشالێکردن (النکران أو التجاهل Denial):

لێرەدا تاك لە هەڵوێستەکانی پرئێش و ئازار و سەرچاوەی دڵەراوکێ بەنکوڵی کردن یان حاشالێکردن دوور دەکەوێتەوە، ڕەنگە تاك بەشێوەی نەستی نکوڵی لە بیرێك یان پێویستی یەك یان ئارەزوویەك،یان کێشەیەك بکات، ڕەنگە ئەم حاشالێکردن و نکۆڵی کردنەی شتە بە ئێش وئازارەکان بگاتە ئەوپەڕی کە مرۆڤ تیایدا هەموو پەیوەندی یەکان بەڕاستی یەکانی دەوروبەری دەبڕێت، ئەویش بە لەبیرچوونەوەی ناو وکەسایەتی خۆی وبەرگ وکاڵای کەکسایەتیەکی دیکە بەباڵای خۆی دەبڕێت، یان ژیان لەکەش وئاو هەواو جیهانێکی تایبەتی پڕلەخەو خەیاڵدا بەسەردەبات، کەهەمووبەڵگەو ڕاستیەکانی جیهان ناتوانێت تۆزقاڵێك بیلەرزێنێت و جێگای پێ لەق بکات کە ئەمیش یەکێکە لەدیاردەکانی نەخۆشی پارانویا.

### ٤-خەیاڵ وزیندە خەون(الخیلات وأحلام الیقظة Fantasy):

کاتێك فشاروگیروگرفتەکانی ژیان زۆردەبن لەسەرخودی مرۆڤ وهەڕەشە لەبوونی دەکەن، ئالەم کاتەدا مرۆڤ ناچار دەبێت پەنا بۆ خەو و خەیاڵ و فەنتازی و زیندە خەون ببات کە جیهانێکە پڕیەتی لە پاڵەوانیەتی و قوربانی دان و تێرکردنی حەز و ئارەزووەکان و پێشێل کردنی داب و نەرێت و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە ڕێگەیەوە مرۆڤ ئەسپی خەو وخەیاڵی خۆی تێدا تاو دەدات و پاشای زەمانی خۆیەتی، ئەوا ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت لەجیهانی واقیعی پڕ لەزوڵم وستەم وبەربەست دەربازی دەبێت.

بێ گومان خەیاڵ و زیندە خەون ڕووداوێکی دەروونیە و هەردەبێت ڕووبدات بە تایبەتی لە سەردەمی منداڵیداو لەلای بەهرەداران و هونەرمەند و شاعیران دا، بەڵام ئەگەرلەڕادەی سروشتی خۆی تێپەڕی و

**بووە هۆی ئەوەی لە واقیعی دابڕێ و گۆشەگیری بکات و بەردەوام لە خەو و خەیاڵ و فەنتازیدا بژی و تەنها ڕێگەیەك بێت بۆچارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی ژیانی، ئالەم کاتەدا مەترسی دەبێت لەسەر ژیانی**

**مرۆڤ ئەمەش یەکێکە لەدیاردەکانی نەخۆشی(شیزۆفرینیا) کەواقیع وخەوخەیاڵ تێکەڵ بەیەکتری دەکات ناتوانێت جیابکاتەوە.**

**٥-ئاوەژووکردن یان بەسەرابرین(الاسقاط Projection):**

**مرۆڤ کاتێك دەبینێت هەندێك لەحەزوئارەزوو وبیرو کردارەکانی ناشرین وبەئازارن ودەبنە مایەی ئازاردانی و ویژدان، ئالەم کاتەدا بۆئەوەی لەئازار وترس ودڵەراوکێ ڕزگاری بێت لەڕێگەی ئەم میکانیزمەوە ئەم شت و سیفات کردارە ناشیرنانەی خۆی بەشێوەیەکی نەستی ئاوەژوو دەکاتەوە ودەیلکێنێت بەکەسانی دیکەی چواردەورییەوە، ئەوان تاوانبار دەکات و دەیانکات بەخاوەنی ئەو سیفات و ڕەوشت و کردارە ناشیرنانە ئەمەش جۆرێکە لە هەڵخەڵەتاندنی خودو زیانێکی گەورە بەکەسایەتی دەگەیەنێت و وەك ئەوە دەبێت کە ئەم شتانە لەدەروە هاتوون ئەو لۆمەناکرێت، لێرەدا کەسایەتیەکە دانایی وزانایی خۆی لە دەست دەدات وبەرچاوی خۆی نابینێت.**

**وە لەڕێگەی ئەم ئاوەژووکردنەوە مرۆڤ تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت وەك چکۆسی(ئیرەیی)یەکی توند وگومان وبرسکاندن(الاوهام) وهەست بەزوڵم کردن وحەزو ئارەزووی دەست درێژی وپێشێل کردن دەبێت.**

**٦-هۆهێنانەوە(التبریر Rationalization):**

**زۆربەی ئەو کەسانەی کە سەرناکەون لەهەندێك لەکارو هەوڵ وکۆششەکانیاندا دوای کەوتنیان و نوشستیان دەست دەکەن بە هێنانەوەی هۆی جۆراوجۆر بۆ پینەکردن و پاساودانی سەرنەکەوتنیان، واتە بەرپرسیاری ڕوودانی شتەکان وکەوتنەکان لەسەر خۆیان لادەبەن و کەسانی چواردەوریان واتێ دەگەیەنن کە گوایە ئەوان قوربانی دەستی ئەو ڕووداوو هەندێك کەسانی بێ ویژدانی چوار دەورن وئەمان هیچ گوناهێکیان نییە، ئەمەش جۆرێکە لە خۆهەڵخەڵەتاندن وچەواشەکردنی کەسانی دەوروبەر،هەروەهاپارێزگاری کردنی خود وکەسایەتی مرۆڤ لەزەبرو زەنگ وفشارو داواکارییەکانی ژیان.**

**٧-گەڕاندنەوە(النکوص Regression):**

**کاتێك مرۆڤ ڕووبەڕووی کارەسات وململانێ یەکی لەڕادەبەدەر زیاد لەتوانای خۆی دەبێتەوە ناچار دەبێت بگەڕێتەوە یان بکشێتەوە بۆقۆناغ وسەردەمەکانی پێشووتری ژیانی. بۆنموونە هەرزەکارێکی تەمەن (١٧) ساڵان کاتێك تووشی کارەسات یان گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتی دەبێت، لە ئەنجامی هەرچ هۆیەك بێت ناتوانێت بەشێوەیەکی دروست وئاسایی بەرەنگاری ئەو گیروگرفت وکارەساتە ببێتەوە، ئەوا وەك منالێکی(٨)ساڵانە هاواردەکات ودەگری قژی خۆی دەسکەنەدەکات وداوای نازوسۆزوخۆشەویستی یارمەتی دایك وباوکی دەکات وخۆی بەوانداهەڵدەواسێت، کەئەمەلە تەك هەڵسوکەوتی تەمەنی هەرزەکاری لە(١٧)ساڵی داناگونجێت، ئەمەش جۆرێکەلەفێڵ وهەڵخەڵەتاندن بۆهۆهێنانەوەوپاساودانی سەرنەکەوتنەکانی ئەمەش یەکێکە لەدیاردەکانی نەخۆشی(سیکزۆفرینیا) کەئەوانەی تووشی ئەم نەخۆشی یە دەبن وەك منداڵ دەگرین وهاوار دەکەن وخۆیان پیس دەکەن ودەیانەوێت وەك ئاژەڵ دوور لەگشت پێوەر و بەهاکان بژین.**

**٨-بەرزکردنەوە یان سەرخستن(التسامي أو التصحيد) Sublimation:**

**لە ڕێگەی ئەم میکانزمەوە زۆر حەزو ئارەزوو وهەڵوێست وئاکارو پێداویستی یە سەرەتایی وئاژەڵیەکانی مرۆڤ کە ڕاستەوخۆ تێرناکرێن ونەگونجاوە لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتییەکان ورەوشت دا بەزۆری بەشێوازێکی سێکسی نەگونجاو یان دەست درێژکاری ئەنجام دەدرێن، لەڕێگای کرداری بەرزکردنەوە یان سەرخستن دەگۆڕێن بۆکارو چالاکی گونجاو بەبەهاکانی مرۆڤ و داب ونەریتی کۆمەڵایەتی وەك(مۆسیقا، هونەر، ئەدەب، وەرزش وچاکسازی وچاکسازی کۆمەڵایەتی وفێربوون....هتد)، کەئەم چالاکیانەش گونجاو وخۆشەویستن بۆمرۆڤ، بۆیە بەکارهێنانی ئەم میکانیزمە کەسایەتی تاك دەگۆڕێت لە شێوازە نەگونجاوەکانەوە بۆ شێوازی گونجاو لەکار وچالاکیەکاندا، بۆنموونە ئەو کەسەی کە(سادەیە) واتە حەز بەکۆنتڕۆڵ کردن وئازاردانی خەڵك دەکات بەسەرخستن دەبێتە سەرکردەیەکی سەربازی بەناوبانگ.**

## هەڵسەنگاندنی تیۆری فرۆید Freud:

**کارە باشەکانی:**

**١-جێی گومان نی یە کەفرۆید بەشدارییەکی گەورە وگرنگی پێشکەش بە دەرونزانی گشتی وبەتایبەتی کەسایەتی کرد.**

**٢-فرۆید خوێنەرێکی باشە بەزمانی(عبری، ئەڵمانی، لاتینی، فەرەنسی، ئیتاڵی، ئینگلیزی).**

**٣-جیژێکی هونەری جیاکەروەی هەبوو شێوازی نووسینەکەشی ئەم لایەنە ئەدەبیەی پێوە دیارە.**

**٤-دەکرێ کەچەمکی دینامیکی بگەڕێنرێتەوە بۆفرۆید.**

**٥-فرۆید دۆزەرەوەی یەکەمی(نەست)ە، وبیردۆزەکەی لەکەسایەتی دا بەکامڵ ترین بیردۆز دادەنرێت.**

**٦-بەدامەزرێنەری ڕاستەقینەی(دەرونزانی شیکردنەوەیی) دادەنرێت وتامردنی کاری ئەنجام داوە لەم بوارەدالەگەڵ ئەوەی کەماوەیەك پێش مردنی نەخۆشی شێرپەنجەی گەرووی هەبووە وپێوەی ناڵاندووە.**

**٧-فرۆید وتیۆری یەکەی بوە هۆی ووروژاندنی چەندەها بیروبۆچوون وتیۆری جیاجیا لەبیرو بۆچوونی خۆی و تیۆریەکەی.**

**هەندێ لەرەخنەکانی کەئاڕاستەی تیۆری یەکەی کراوە وەك:**

**١-فرۆید سەنگ وگرنگی یەکی یەکلا کەرەوەی دا بە فاکتەرەکانی بایۆلۆژی وغەریزە بەتایبەتی غەریزەی سێکسی، وە بەڕادەیەکی زۆر فاکتەر وباروردۆخی ژینگە وکۆمەڵایەتی وشارستانیەتی کەمرۆڤ تێیدا دەژی پشت گوێ خستن کە هەمووی گرنگن لە داڕشتنی کەسایەتی دا.**

**٢-فرۆید گرنگی یەکی زۆری بە ( نەست ) دا، وە بەڕادەیەکی زۆر ڕۆڵی هۆشداری و ویستی لە دیاریکردنی هەڵسوکەوتدا کەم کردەوە.**

**٣-فرۆید (غەریزەی دەست درێژی کردنی) بە یەکی لە جوڵێنەرە سەرەکی یەکانی مرۆڤ دانا بە ئەنجامی مردنی کەسێکی دیکە، یان خۆدکوشتن، کە ئەم تێروانینەش ڕەشبینانەیە، کەوا پیشان دەدات کە مرۆڤ بە سروشتی دەست درێژی کارانەیە.**

**٤-زۆربەی چەمکەکانی فرۆید ناتوانرێت تاقی بکرێتەوە و کۆنترۆڵی بکرێت بۆیە لە ( کرداری ) دوور دەکەوێتەوە و بەچەمکە غەیبیەکان ناو دەبرێت وەك (Suoer Ego, Ego, ID, Libido.....هتد) لافیتەیەکی نوسراو دادەنێت کە گوزارشت لە دینامیکیەتی کەسایەتی دەکات لە کارلێکردن و ناکۆکی یەکانی لەگەڵ واقیعدا.**

**٥-هەموو ئەو حاڵەتانەی کە فرۆید لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجامدا بوو ( واتە نەخۆشەکانی ) لە چینی ناوەڕاست بوون، کە ئەم چینەش معاناتی کێشەی توخمی (سێکسی) هەیە چونکە ئەو چینە لەلایەکەوە چینێکی پارێزەری کەلتورە، لە لایەکی دیکەوە نێر و مێ ی ئەم چینە لە هەوڵدان دانە بۆ بینای خۆیان لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی یەوە.**

**بۆیە ئەگەر فرۆید چارەسەری چەند بارێکی ئەم دووچینەکەی دیکەش کردبا (چینی بەرەو ژێرەوە) ئەوا چەند معاناتیکی نوێ ی بۆ بەدیار دەکەوت لە، دوو چینە کەشێوەی نوێی دەمارگیریەتی(neurosis) پیشان دەدا، کەجیاواز دەبوولەوشێوە دەمارگیریەتیەی کە لە معاناتی (سێکسی) توخمی لە نەخۆشەکانی فرۆید بە دیار کەوت.**

**٦-ژیانی کەسایەتی فرۆید کاریگەری زۆری بە سەر داڕشتنی تیۆری یەکەی هەبوو وەك بوونی چەمکی گرێی ئۆدیب یان چەمکی غەریزەی مردن کەگۆڕا بەغەریزەی دەست درێژی کردن، ڕەنگە ئەگەر ژیانی فرۆید باشتر بوایە و بەوشێوە نەبوایە کە پێشترئاماژە مان پێکردووە ئەوا ئەو چەمکانەشی دروست نەدەبوون.**

**لەگەڵ هەموو ئەمانەدا فرۆید هەوڵێکی زۆری داو قەوارەیەکی گەورەشی لە بیر زانست ممارەسەکردن پێشکەش کرد.**

## تیۆری ئەدلر لە دەرونزانی تاکایەتی (1937-1870)
## Adler's Theory of Individual psychology:



(مرۆڤ سروشتی شەرانگێزی نی یە، هەڵەشی چەند زۆر بێت, ئەوا ئەم هەڵانە دەگەڕێنەوە بۆبەهەڵە تیگەیشتنی لە ژیان, بۆیە بەم هۆیەوە نابێت بچەوسێتەوە، مرۆڤ توانای گۆڕانی هەیە، ڕابردوو ڕۆیشت و ناگەڕێتەوە ، ئەو سەربەستە بۆ ئەوەی بەخۆشی بژیت).

لای ئەدلر هەست لەجیاتی نەست ناوەندو بنەمای کەسایەتیە.

بەبڕوای ئەدلرهەست بەکەمی کردنی گشتی هەبونێکی بەردەوامی هەیە، وە بەهێزێکی کاریگەری سەر هەڵسوکەوت دادەنرێت.

لە نوسینەکانی (ئەدلر) ئاماژە بەوە دەکات بۆئەوەی مرۆڤ بیت دەبێ هەست بەکەمی بکەیت، کەواتە ئەمبارێکە بۆ هەموو خەڵك و نیشانەی لاوازی و شازی نی یە، بڕوای ئەدلر پێچەوانەی ئەوەیە ودەڵێ هەست بەکەمی کردن سەرچاوەی هەمووتێکۆشانی مرۆڤە وپاڵنەری سەرەکی تێکۆشان وگەشەکردن و پێشکەوتن و سەرکەوتنیشە. بەڵام نەبوونی توانای تێکۆشان وسەرکەوتن بەسەرهەست بەکەمی کردن لای مرۆڤ دەبێتە هۆی زۆربون و چڕبوونی ئەم هەستە لە دواتر دەبێتە هۆی گەشەکردنی گرێی کەمی ( گرێی هەست بەکەمی کردن).

وە ئەدلر ئەو مرۆڤەی کە دەبێت بەوە پێناسە دەکات (کەتوانای چارەسەری کێشەکانی ژیانی نابێت).

وە ئەم (گرێ) یەی لە منداڵی زۆر لەو گەورانە دۆزییەوە کە خۆی چارەسەری کردوون، گرێی کەمی ڕەنگە بەسێ ڕێگا پێك بێت وگەشە بکات هەر لەمنداڵیەوە،

١-بەهۆی کەمی ئەندامی.

٢-بەهۆی بەناز پەروەردەکردن.

٣-بەهۆی گوێ پێنەدان.

وە سەرچاوەی هەست بەکەمی کردن هەرچی یەك بێت، ڕەنگە مرۆڤ هەوڵی قەرەبوونێکی چڕو پڕبدات، لەم حاڵەتەشدا هەستێکی دیکە لای دروست دەبێت ئەویش ( ئاوێتەی خۆ بەزل زانینە مرکب الاستعلاء).

**لەم حاڵتەدا وای بۆ دەچین کە مرۆڤ تووشی هەڵئاوسان دەبێت لە تواناو دەستکەوتەکانی دا ڕەنگە کەسەکە لە ناوەوە هەست بە سەرکەوتن بکات و پێویست نەکات بە دەستکەوت گوزارشتی لێ بکات،**

**یان ڕەنگە کەسەکە هەست بەم پێویستی یە بکات و بۆ ئەوە زۆرسەرکەوتووبێت لەهەندێ بواردا، وە لە هەریەك لەم حاڵەتانەدا هەڵسوکەوتی تاك بەزێدە ڕۆیی شانازی بە خۆوەکردن جیابکرێتەوە، وە هەروەها بەدەوری خود سوڕانەوەو مەیلی کەم کردنەوە لەقابلیاتی خەڵی دیکە دەناسرێتەوە.**

## ڕیزبەندی منداڵ لە خێزاندا:

**بەپێی بۆچوونی ئەدلر هەرمنداڵێك بە شێوازێکی تایبەت و تاکایەتی بە پێی ڕیزبەندی ئەومنداڵە لە خێزاندا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، وە لەم شێوازە تایبەتەش منداڵ شێوازی ژیانی خۆی دەست دەکەوێت ودواتریش پشتی پێ دەبەستێت.**

**منداڵی یەکەم لەخێزاندا:**

**ئەومنداڵە بەنێوەندی گرنگی پێدان وجێگری دایك وباوك دادەنرێت، تەواوی خۆشەویستی وسۆزی دایك و باوکی دەست دەکەوێت، وهەست بەدڵخۆشیان دەکات وهەست بەژیانێکی ئارام وخۆش دەکات.**

**بەڵام ئەوکاتەی کە منداڵی دووەم لە دایك دەبێت هێدمەیەکی توند ڕوودەدات، لەدایك بووی نوێ شوێنی (جێگر) دەگرێتەوە، لێرەدا سۆز وخۆشەویستی و گرنگی دایك وباوکەکە بۆ هەردوو منداڵەکە دابەش دەبێت، ئەم بارە نوێیەش بەدڵی منداڵی یەکەم نییە و بەرگری لەخۆی دەکات و لە ئەنجامیشدا دژایەتی منداڵانی لە خۆی بچوکتر دەکات.**

**منداڵی یەکەم باشترلە گرنگی هێزودەسەڵات دەگات چونکە هەرئەو بارەی لەناوخێزاندا لەدەست داوە و ئاڕاستەیان بەرەو دواوەیە و ڕەشبینن لە دواڕۆژداو، وە ئەوان کەسانی ڕێکخەر و نایابن و ویژدان زیندوون و زۆر گرنگی بەتەفاسیلی شتەکان دەدەن.**

**وە منداڵی یەکەم بە شێوەیەکی فراوان پشتگیری لە دەسەڵات دەکات و لەژیانی داهاتووشدا پشتی پێ دەبەستێت، وە دەبێتە کەسێکی سیاسی پارێزەر و توندڕە و لە ئاکاریدا وە ئەدلروای بۆ دەرکەوت کە کەسانی لادەر وتاوانبار ودەمارگیرەکان بەزۆری منداڵی یەکەمی ڕیزبەندی منداڵەکانن لەخێزانەکاندا.**

**منداڵی دووەم لە خێزاندا:**

**ئەو منداڵەیە کە منداڵی یەکەمی لەسەر کورسی پاشایەتی لاداو بەزۆری لەهەڵوێستێکی باشتردایە لە منداڵی یەکەم چونکە ئەو بەهەمان تاقی کردنەوەی منداڵی یەکەم تێنەپەڕی یە و شوێنی سۆز و خۆشەویستی بێ پایانی دایك وباوکیشی نەبووە.**

**منداڵی دووەم هەڵسوکەوتی براگەورەکەی پاڵی پێوە دەنێت کە کێ بڕکێی لەگەڵدا بکات وبگاتە ئەو، و سەرکەوتن بەسەری دا، بەزۆری ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەکردنی زمان و جوڵانەوە لای منداڵی دووەم و دەبێتە کەسێکی تەموح و کێبەرکێ کەر تا پلەیەکی بەرز.**

**بەڵام ( ئەدلر) ئاماژەی بەوەش کرد کاتێ کەمنداڵی یەکەم بە شێوازێکی پشتگیری وهاوکاری لەگەڵ برا بچوکەکەی بجوڵێتەوە، ئەوا منداڵی یەکەم بەشێوەیەکی دروست گەشە دەکات. بەڵام بە پێچەوانە جوڵانەوە بەرامبەر بەبرا بچووکەکە، ئەوا برا گەورەکە ڕەنگە تووشی دەمارگیریەتی بێت**

**بەڵام منداڵی بچووك لە خێزاندا:**

**ئەم منداڵە بەشێوەیەکی کێ برکێ گەشە دەکات وە(ئەدلر)ە یش وای بۆ دەچێت کە دایك وباوك مەیلیان بۆ بەناز پەروەردەکردنی منداڵی بچووکە و بەم شێوەیەش تێکی دەدەن و ناهێڵن بەخۆی فێربێت، لە ئەنجامدا کەسایەتیەکەی بەم شێوە دەبێت, کەسێکە زۆر قسە لەسەر خەڵکی دیکەدا دەکات و هەردەم بە دوای پشتگیری وپاراستن دەگەڕێت، چونکە هەر لە منداڵی یەوە فێر نەبووە ئەرك و کارەکانی بە دەستی خۆی دەستکەوێت و چارەسەری کێشەکانی بکات، وە منداڵی ئاوا مەیلی بۆ ئەوە دەچێت کە هەست بە کەمییەکی توند بکات، مادام کەسانی دیکە لەو گەورەتر وشارەزاترن.**

**منداڵی تاقانە لە خێزاندا:**

**ئەم منداڵە لەناو خێزاندا کەس نییە کێبرکێی لەگەڵدا بکات وخۆی دەبێتە مەڵبەندی بەئاگایی وگرنگی پێدانی خێزانە، کە لەدایك بوونی ئەم منداڵە ڕووداوێکی دڵخۆشکەرە بۆ خێزانەکە، ئەم منداڵەش زوو پێدەگات و هەڵسوکەوتیشی بە هەڵسوکەوتی گەوران دەچێت چونکە زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ گەوران بەسەردەبات بەزۆری منداڵی تاقانە بەنازپەروەردە دەکرێت بەتایبەتی لای دایکی ڕەنگە لە دواڕۆژیشدا تووشی ئاستەنگی گونجان بێت.**

## چەشنەکانی کەسایەتی لای (ئەدلر):

**ئەدلرلەسەرەتای ژیانی تیۆردانانەوە چەشنەکانی کەسایەتی دابەش کرد بۆ(تفاؤلية، عدوانية، ومثبطة). بەڵام لەساڵی 1935 گەشەی پێداوپلەی چالاکی تاك وپلەی گرنگی پێدانە کۆمەڵایەتیەکانی بۆ زێدە کردو لەدوای دابەشکردنەکەی بەم شێوەیە خستە ڕوو.**

**١-چەشنی پەیوەست بەڕێساکانەوە The Ruling Dominant Type:**

**پلەیەکی بەرزی لەسوربوون وکۆنترۆڵ کردنی بەسەرژیاندا هەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا پلەیەکی بەرزی لە شەڕانگێزی و، لاوازیەکی توندی لە گرنگی کۆمەڵایەتی داهەیە واتە (ئاستێکی بەرزی لە چاڵاکی و ئاستێکی نزمی لە گرنگی کۆمەڵایەتی هەیە).**

**٢-چەشنی فێربوونی سوود وەرگر(چەشنی وەرگرتە) النوع المتعلم الأخذ(النوع لأخذ)**

**:The Getting Learning Type**

**ئەم چەشنە پێشبینی تێربوونی پێداویستی یەکانی دەکات، گرنگی لایەنی کۆمەڵایەتی هەیە بەڵام لاوازە واتە (ئاستێکی مام ناوەندی لە چالاکی وئاستێکی نزمی لە بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی دا هەیە.**

**٣-چەشنی خۆکێشەرەوە (النوع الاسنعایی The Aroiding Type):**

**لەم چەشنەدا تاك سیمەی خۆکێشانەوەی دەبێت و چالاکی لاوازە و توانای جێ بەجێکردنی ئامانجەکانی نیە، بۆیە گرنگی کۆمەڵایەتیان لاوازە بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵەکانی دیکە.**

**٤-چەشنی کۆمەڵایەتی بەسوود (الاجتیماعیة The sociauiy- usfel Type:**

**چەشنێکی ئاسایی و دروستی چاڵاکە، هەوڵ دەدات ئامانجەکانی لە سنوری بەرژەوەندی یەکانی کۆمەڵایەتی جێ بەجێ بکات و ئامانجی کۆمەڵایەتی ڕوون و ئاشکرایان هەیە، واتە شێوازێکی ئاسایی لەژیاندا.**

**(ئەدلر)سورە لەسەرئەوە کە ئەم چەشنانە لیستێکی تێکەڵە لە دوو ڕەهەندی سەرەکی کە ئەوانیش (بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی و ئاستی چاڵاکییە)، مەبەستی ( ئەدلر) لە ئاستی چاڵاکی: ئەو بارەیە کەتاك پشتی پێ دەبەستێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەکانی ژیان، لەبارێکی نالەبارەوە بۆبارێکی (تردا) بۆ بارێکی هێرشکردنی تاك بۆ سەر کەسانی دیکە.**

**بەڵام بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی بەو مانایە دێت(ئێمە پەیوەست دەبین بە یەکترییەوە هەرلەڕۆژی لەدایك بوونەوە).**

**هەروەها (ئەدلر) ئاماژە بەوە دەکات کە شێوازی ژیان لەپێنج ساڵی یەکەمی منداڵی دا دروست دەبێت و منداڵ لە ڕێگای مامەڵەکردنی لەگەڵ دایك وباوکی وەری دەگرێت، لەکۆتایی تەمەنی پێنجەم وشەشەمدا باشتر گەشە دەکات و زەحمەت دەبێت گۆڕانی لەقۆناغەکانی تەمەنی دواتردا.**



## کارین هۆرنی Karen Horney:1952

**چەند بەشێك لە تیۆری کارین هورنای( النظرية الذات كارين هورنى):**

**لەسەڵی 1885 لە شاری هامبۆرگ لەئەڵمانیا لەدایك بووە، شارەزای کەلتوری زۆر لەنەتەوەکان بووە بەهۆی ئەوەی باوکی دەریاوان (ملاح) بووە. لەساڵی 1913 لە(زانکۆی بەرلین) بڕوانامەی پزیشکی وەرگرتووە. دوای ئەوەی (15ساڵ) ڕاهێنانی لەسەر پزیشکی دەروونی ئەنجامداوە، لە مەجالی پزیشکی دەروونی لە پەیمانگای بەرلین بۆشیکردنەوەی دەروونی کاری کردووە، لەدوایش لە شارەکانی (شیکاگۆو نیویۆرك) لەمەجالی شیکردنەوەی دەروونی بەردەوامی بەکارەکانی داوە.**

**چەندکتێبێکی داناوەلەوانە ڕێگای نوێ بۆشیکردنەوەی دەروونی، شیکردنەوەی خودی، دەمارگیریەتی، گەشەی مرۆڤ وکەسایەتی دەمارگیری.**

**فەلسەفەی تیۆری هۆرنی:**

**تێڕوانینی (هۆرنی) لەسەر خەسڵەتە فێربووەکانی هەڵسوکەوتی شڵەژاوەیە کەتاك لەخێزان وکەلتوری کۆمەڵایەتیەوە دەستی کەوتووە، هەروەها لەسەرپەیوەندییەکانی ناوخێزانە لەساڵەکانی منداڵییەتی تاك دا، هەروەها ئاماژە بەوەدەکات کەهەڵسوکەوتی مرۆڤ بەرەبەرە ئاڵۆزتردەبێت لەتەمەنی پێگەیشتوودا لە ئەنجامی پەیوەندی یەکانی تاك لەگەڵ کەسانی دەوروبەری دا، هەروەها (هۆرنی) تێڕوانینی زیاتری لەسەر ئێستا بووە لەچاو ڕابردوو.**

## کەسایەتی لای (کارین هۆرنی):

**بەپێی دیدەنی (هۆرنی) پێك هاتن وگەشەکردنی کەسایەتی لەڕێگای لەڕێگای شێوازەکانی پەروەردەیی کۆمەڵایەتی دایك و باوکەوە لە قۆناغی منداڵی زوودا دەبێت، هەروەها ئەم کەسایەتیەش لە ڕێگای کارلێکردنی تاك لەگەڵ کەلتورو ڕۆشنبیری کۆمەڵدا گەشە دەکات.**

**لێرەداجیاوازی تاکایەتی لەکەسایەتی تاکەکاندا بەپێی جیاوازی کەلتورەکانی کۆمەڵەکانیان وتێڕوانینیان بۆ کەسایەتی سروشتی وناسروشتی(السواء وغيرالسواء) پەیدا دەبێت.**

## کارین هۆرنی وپەیوەندی یە زووەکان( العلاقات المبکرة):

**بەپێی دیدەنی(هۆرنای 1945)کە دەڵێت لەگەڵ ئەوەی کە(شیرە خۆرە) وەك ڕاستیەکی بایەلۆژی بەپێی توانا لەدایك دەبێت، بەڵام(دڵەڕاوکێی بنەڕەتی) لەئەنجامی بێ توانای دەروونیەوە پەیدا دەبێت، ئەمەش چەمکێکی بنەڕەتی یە لەتیۆری هۆرنای. هەروەها هەست بەتەنیایی و بێ توانایی بە شیوەیەکی نهێنی لە جیهانێکی شەڕانگێزدا گەشە دەکات و شیرەخۆرە(الرضیع) پێویستی یەکی زۆری بەگەرم وگوڕی و قەبول کردن و پەیوەندی کەسایەتی جێگیرهەیە و هەروەها پێویستی بە ژینگەیەکی دروست هەیە تابتوانێ تواناکانی کەسایەتی جێ بەجێبکات، وە ئەگەرمنداڵ پێویستی یەکانی( ئاسایش ورازی بوونی ) ( الامان والرضا ) تێرنەکات ئەوا ڕووبەڕووی دڵەڕاوکێی بنەڕەتی ودەمارگیرییەتی(القلق الأساسی) و (الحصاب) دەبێتەوە.**

**کەواتە بە پێی (هۆرنی) فاکتەری سەرەکی بۆ دیاری کردنی کەسایەتی بریتییە لە پێویستی ئاسایش و ڕزگاربوون لە ترسە، واتە دواڕۆژی کەسایەتی منداڵ دەوەستێتە سەر هەست کردن بە ئاسایش و نەمانی ترس یان بە پێچەوانەوە، ئەمەش بارێکە دەوەستێتە سەر سروشتی مامەڵەکردنی دایك وباوك لەگەڵ منداڵدا.**

**لێرەدا (هۆرنی) بۆ چوونی جیاوازە لەگەڵ (فرۆید)، لەوەی کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی زوو، نەك هێزی بایەلۆجی، کاریگەریان هەیە بەسەرگەشەو پێشکەوتنی کەسایەتی، لەگەڵ ئەوەی کەهەردوکیان (هۆرنی فرۆید) کۆکن لەسەر ئەوەی کەساڵە زووەکانی منداڵیەتی کاریگەری بنەڕەتی هەیە لە دروست بوونی کەسایەتی تاکدا.**

**هەروەها ( هۆرنی ) بۆچوونی جیاوازی هەیە لەگەڵ ( ئەدلر) ( هەرچەندە کۆکن لەسەر گرنگی پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی)، جیاوازن لەسەر ئەوە کە مەرج نیە هەرشیرە خۆرەیەك هەست بەبێ توانایی بکات، چونکەئەم هەستە بەپێی بۆچوونی(هۆرنی)بارێکی مەرج دارەبەچۆنیەتی مامەڵەکردنی دایك وباوك لەگەڵ ئەم شیرەخۆرەدا.واتە ئەگەرمنداڵەکە زۆربەناز بکەن ئەوا ئەو منداڵە ڕادێت لەسەر پشت بەستن بەکەسانی دیکە وهەستی بێ توانایش لەلای گەشە دەکات.**

**بەڵام ئەگەر بەسزای ناپێویست یان گاڵتەپێکردن یان بەکەم تەماشکردن یان منداڵێکی تر بە باشترلەو دانێن ئەوا ئەوجۆرە مەمەڵەیەی دایك و باوك دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی هەست بە ئاسایش کردن لە ناوەوەی منداڵەکە وچاندنی ڕق وکینەش لەناخی دا.**

**هەروەها پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوەش بکەین کە (کارین هۆرنی) دانی بە ( ڕۆڵی سێکسی) داناوە لە هەندێ هەڵوێستی ئۆدیبی دا، بەڵام پێی وایە کە لە ( سێکس ) گرنگتر ئەوەیە ئەو ڕۆڵەیە کە (دڵەڕاوکێی دەروونی) دەیگێرێت کە لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان پشت بەستنی تەواوی منداڵ بەدایك و باوکیەوە بەهۆی(دڵەڕاوکێی بنەڕەتیەوە) ونێوانی هەستی شەڕانگێزی بەرامبەردایك و باوکیان بەهۆی ڕێز نەگرتنیان و سەپاندنی پێویستی ناماقوڵ بەسەر منداڵدا پەیدا دەبێت.**

## کارین هۆرنی وکێ بڕکێی شارستانیەتی و دڵەڕاوکێی بنەڕەتی:

**هۆرنای لەبەر ڕۆشنایی شارەزایی یەکانی لەسەر دەروونزانی ئافرەتدا گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە فاکتەرە شارستانیەکان بەرپرسیارن نەوەك فاکتەرە بایۆلۆجی یەکان، لە دروست بوونی جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێرومێ دا، هەروەها شارستانیەتی بە هەموودەزگاکانەوە شارستانیەتیەکی (پیاوانەیە) ومەیلی زەروری نییە بۆ پێشکەوتنی ئافرەت، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە تەنیا بۆچوونی ( فرۆید) بەندە بەو بیرو بۆچوونە دەسەڵاتداری یەی پیاوان، بەڵکو ئافرەتان خۆشیان بەشێوەی ئەو وێنەیەی کەپیاو بۆی کێشاون ڕاهێناوە.**

**بەم جۆرە(هۆرنی) بەردەوام بوو لە لێکۆڵینەوەی لەسەر فاکتەرەکانی شارستانیەتی تاگەیشتە ئەو بیرو بۆ چوونەی کەئەو فاکتەرانە کاریگەریان بەسەر پیاو وئافرەت داهەیە.**

**بەپێی بۆچوونی(هۆرنی) چەند بارودۆخێکی شارستانی لە کۆمەڵی سەردەم دا بەرچاودەکەوێت کەمانای تەواودەبەخشێت لەگەشەکردنی کەسایەتی وکێشەی دەمارگیریەتی، هەروەها ئەم شارستانیەتە نوێیەش بەندە لەسەر پرنسیپێکی ئابووری کە ئەویش (کێبڕکێیە) کە دەبێتە هۆی بەرهەم هێنان و پەیدا بوونی دەمارگیریەتی وهەموو پێکهاتەکانی دڵەڕاوکێی بنەڕەتی و دوورە پەرێزی و بێ توانایی لە جیهانێکی شەڕانگێزیدا.**

**وە ئەم کێبڕکێیەش کە بە مانا پێچەوانەی هاوکاری دێت دەبێتە هۆی دوورە پەرێزی تاك لەگەڵ کەسانی دیکە داو دەگاتە ئەو ڕادەیەی کەشەڕ لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دا بکات.**

**وە ئەم کێبڕکێیە و دەرەنجامەکانی لە دوورە پەرێزی و شەڕانگێزی تەنها لە مەجالی ئابووری نی یە، بەڵکوهەموو پەیوەندی یەکانی دیکەی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە لەنێوان پیاو وژن، دایك و منداڵ وباوك و کوڕدا. هەروەهادەبێتەهۆی نرخاندنی هەمووشتێکی گرنگی وەك جوانی وڕێزلەخودگرتن وبرادەرایەتی لەسەر بنەمای کێبڕ کێ دا.**

**ژیان لەم جۆرە شارستانیتی یە کێبڕکێ یەدا تەنها نابێتە هۆی هەست کردن بەترس ودوورە پەرێزی و شەڕانگێزی، بەڵکو دەبێتە ترسێکی بەردەوام لە هەموو جۆرەکانی ژێرکەوتندا، وەك ژێر کەوتن لە (دەستکەوتی ئەکادیمی و یان یەکتر قبوڵ کردن، یان خۆشەویستی دا......) بەم پێ یە دەردەکەوێت کە (دڵەڕاوکێی بنەڕەتی) بارێکی گشتی یە لەشارستانیەتی ئیمڕۆدا.**

**لەم باسانەی سەرەوەدا بۆمان بەدیاردەکەوێت کەچەمکی ( دڵەڕاوکێی بنەڕەتی) لەتیۆری کەسایەتی (کارین هۆرنای) بەوە دەناسرێت کە(هەستی بەتەنیایی و بێ توانایی بەشێوەیەکی نهێنی گەشە دەکاو زێدە دەبێ لە جیهانی شەڕانگێزی بڵاو دەبێتەوەو، دەبێتە بنەمای هەموو پەیوەندی یەکانی تاك یان ئەو پەیوەندی یانەی کەلەگەڵ کەسانی دیکەدا پێکی دەهێنێت). بۆیە واپێویست دەکات کەتاك خۆی بپارێزێت دژی ئەم جۆرە دڵەڕاوکێیە.**

**هەروەها (هۆرنی) دەڵێت شارساتنیەتی چوار شێوازدەسەپێت بەسەرتاکدا بۆ پاراستنی خۆی ئەوانیش بریتین لە:**

**١-دەسکەوتنی خۆشەویستی. ٢-ملکەچی. ٣-دەست کەوتنی دەسەڵات. ٤-دوورە پەرێزی.**
**١-لەبارەی یەکەمدا(دەست کەوتنی خۆشەویستی): تاك بە ئامانجی دەست کەوتنی سۆز و خۆشەویستی کەسانی دیکە هەرچی لێ داوابکەن جێ بەجێ دەکات ئەگەر ماندوبونێکی زۆریشی بەدواوەبێت.**

**٢-وەلەبارەی دووەمدا (ملکەچی): تاك بۆهەرکەسێك ملکەچی دەکات لەپێناوی پاراستنی خۆی دا، وەك ئەوەیە ئەو تاکە بڵێت(ئەگەر ملکەچ بم کەس ئازارم نادات).**

**٣-لەبارەی سێیەم دا( دەست کەوتنی دەسەڵات ): لێرەدا تاك دەسەڵاتی وەك ئامانجێك دەوێت نەك وەك وەسیلەیەك، وەهەوڵی بۆدەدات بێ گوێ دانە هەرڕیزوئیعتبارێك بۆکەسانی دیکە، بۆئەوەی قەرەبووی هەست بەبێ توانایی بکاتەوە و ئاسایشی دەست کەوێت، چونکە بۆی دەچێت ئەگەر دەسەڵاتی هەبێت ئەوا لەتوانای کەسدا نابێت ئازاری بدات.**

**٤-وەلە بارەی چوارەمدا ( دوورەپەرێزی دەروونی ): تاك لەڕووی دەروونی یەوە خۆی دوورە پەرێز ڕادەگرێت و دوور دەکەوێتەوە لە خەڵکی تر و هەوڵ دەدات سەربەرست بێت و پشت بەخۆی ببەستێت لەتێرکردنی پێداویستیەکانی دا،(لێرەدا مەبەست لە دوورە پەرێزی لەڕووی دەروونی یەوە نەك لەڕووی لەشی یەوە). ئەم شێوازانەی سەرەوەکرداری دەروونین بۆ پاراستنی دەروونی تاك بە بەرگری کردن دژی دڵەڕاوکێ، ئەمەش بەرگری کردنە دژی پێشبینی کردنی ئێش وئازار، کرداری ئەمانەش پۆزەتیڤانە نین بۆ دەست کەوتنی خۆشی وشادی.**

**هەروەها (هۆرنی) ئاماژەی بەوەش کرد کە دەمارگیریەتی لەبەرهەمی شارستانیەتی سەردەمە وبەسێ شێواز تاکەکان پیادەی دەکەن:**

**١-جووڵانەوە بەرەو خەڵك. ٢- جووڵانەوە دژی خەڵك. ٣-جووڵانەوە بەدوورکەوتنەوە لەخەڵك.**

**١-لەبارەی یەکەمدا(جووڵانەوە بەرەوخەڵك): وەك پێویستی یەکی دەمارگیری ناماقوڵ بۆخۆشەویستی و باشەکردن لە ڕێگای ڕازی کردنی خەڵك و ملکەچ کردنی ئارەزووی کەسایەتی خۆی بۆ بەدیهێنانی ئارەزووی خەڵکی دیکە(واتە ئەم جۆرەکەسە خۆی بەلاوازوبێ تاوانا پیشان دەدات بەرامبەر خەڵکی دیکە بۆئەوەی بیپارێزن و خۆشیان بوێت).**

**٢-باری دووەم(جوڵانەوە دژی خەڵك): ئەم بارەش بەندە بەهێزو دەسەڵات و زوڵم کردن و ئەنجامدانی هەرشتێك بۆ بەدیهێنانی هەست بەسەرکەوتن ودەسەڵاتداری وپاراستنی خۆی.**

**٣-وەباری سێیەم(جووڵانەوە بەدوورکەوتنەوە لەخەڵك):ئەم جۆرەکەسەدووره پەرێزدەبێت لەتێوەگڵان لەهەر جۆره پەیوەندی یەك لەگەڵ کەسانی دیکەدا.**



**ابراهام ماسلو Maslow,A ١٩٠٨-١٩٧٠:**

**پاڵنەرەکانی بەدیهێنانی خود(دافحية تعقيق الذات Actualization-Self) :**

**ماسلۆ تیۆری پاڵنەری گەشە پێدا کە جەخت دەکاتە سەر تێکۆشانی مرۆڤ بۆگەیشتنە ئەوپەڕی تواناکانی، کەچەند پاڵنەرێکی دیکەش دەگرێتە خۆی، وە ئەم تیۆرەگرنگی بە تەواوی بەمرۆڤ دەدا، چونکە ڕەنگەپاڵنەره بیۆلۆجیەکان وەك(پاڵنەری توخمی) بۆنموونە کەلەخزمەتی پێویستی یە فسیۆلۆجیەکان بێت لە تەك پێویستی یە دەروونی یەکان وەك(پێویستی بەندیواری وڕێز....هتد).**

**هەروەها (ماسلۆ) لە نێوان ئامانجە دوورەکان وهەنوکەیی یەکانی هەڵسوکەوتی مرۆڤ جیادەکاتەوە، وە بەبڕوای ئەوپاڵنەری سەرەکی ودووری(ئامانجی سەرەکی)هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ بریتییە لە(خود جێ بەجێکردن ) تێبینی یە زانستی یەکانی ( ماسلۆ) ئەو بروایەی لەلا دروست کرد کە هەڕەمێك لە پێویستیەکانی مرۆڤ داهەیە، کە پێویستە لەسەر مرۆڤ پێویستیەکانی ژێرەوەی هەڕەمەکە تێربکات پێش پێویستیەکانی سەرەوەی وماسلۆبەشێوەیەکی ووشك تەماشای ئەوهەڕەمەی نەکردووە بەڵکو پێی وابوو کەنەرم و نیانیەك هەیە کە دەهێڵێ پێویستیەکانی سەرەوە بەشێوەیەکی بەشی بەدیار بکەوێت بەلایەنی کەمەوە لەکاتی تێرکردنی پێویستییەکانی ژێرەوە بەشێوەیەکی بەشی(جزئي).**

**واتە کاریگەری تێرکردن لەسەر هەڵسوکەوت جیاوازە، ئەگەرچەند زیاتر پێویستی یەك تێربکرێت ئەوا کاریگەری بەسەر هەڵسوکەوت کەمتر دەبێت.**

**کۆمەڵەی یەکەم لەپێویستی یەکان بریتییە لەپێویستی یەکانی فسۆلۆجی وەك(برسێتی،تینویەتی،نوستن، توخمی، دەرهاویشتن....هتد). وە بەبڕوای ماسلۆ ئەم پێویستیانە تێرکراینە لای هەمووخەڵك لەهەموو کۆمەڵەکاندا. وەك هێزێکی جەخت کەرو زاڵ بوو بەسەر ڕێکخستنی هەڵسوکەوت و ئاڕاستەکردنی.**

وە کۆمەڵەی دووەم پێویستی یەکانی مرۆڤە بۆهێمنی وسەلامەتی وئاسایش، ئەویش لەبارە گرژەکاندا، پێویستی یەکانی سەرەوەتر گرنگی نابێت ئەگەر ژیان بکەوێتە ژێر کاریگەری هەڕەشەی ترسناك و نائاسایش، چونکە مرۆڤ مەیلی بەردەوامی بۆژیانە لە بارودۆخێکی گونجاو وهێمن دا.




کۆمەڵەی سێیەمیش: بریتی یە لەپێویستی یەکانی خۆشەویستی و بەندیواری ویەکترقبوڵکردنە کەوەك هێزێکی بزوێنەری هەڵسوکەوت بەدیار دەکەوێت پاش تێرکردنی ئاستی یەکەم و دووەم، ئەم پێویستیانەش پەیوەستە بە ئارەزووی مرۆڤ لە دروست کردنی پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ کەسانی دیکە وبەندیواری بۆکۆمەڵێکی دیاریکراو، ئەمەش بەم مانایەجیاوازە لەگەڵ پاڵنەری توخمی(الجنس) کە پێویستی یەکی فسیۆلۆجی یە. وە پێویستی خۆشەویستی بریتی یە لەپێشوازی کردنی خۆشەویستی

**لە کەسانی دیکە و دانی ئەم خۆشەویستییە بەکەسانی دیکە لەهەمان کاتدا، (وە ئەم پێویستیانەش لە ڕێگای پێك هێنانی هاوسەریەتی و فەرمان و چوونە ناو حزبێك یان دەزگایەکی کۆمەڵایەتی).**

**سەرنەکەوتن لەجێ بەجێکردنی ئەم پێویستیانە دەبێتە هۆی نەگونجان و نەخۆشیە دەروونی یەکان، کەئەمیش بنەمایەکی هاوبەشە بۆزۆرلەکێشەکانی هەڵسوکەوت لەکۆمەڵەکەمان, ئەگەرپێویستی یەکانی خۆشەویستی و بەندیواری جێبەجێ بوو، چالاکی هەڵسوکەوتەکە و ئاڕاستەکردنی هێوردەبێتەوە، وە پێویستی یەکانی ڕێزوتەقدیر جێگای دەگرێتەوە جائەگەر ئەم ڕێز و تەقدیرە لە خودی مرۆڤەکەوە بێت**

**یان لەکەسانی دیکەوە بێت. ئەم پێویستیانە پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێت بۆتێکۆشانی بۆ دەست کەوتنی هێزو بڕوا وسەربەخۆیی وسەربەستی.**

**( وە پێویستی ڕێز و تەقدیر ئارەزووی مرۆڤ دەگرێتەوە خۆی بۆ دەستکەوتنی ناوبانگ و پایەی کۆمەڵایەتی و تواناکانی و هەستی گرنگی پێوان).**

**بەڵام بەرزترین ئامانج کە مرۆڤ هەوڵ دەدات بەدەستی بهێنێ ئەوا جێ بەجێکردنی خودە ( Self Actualization ) کە ئەمەش بەدیار دەکەوێت لەدوای تێرکردنی کۆمەڵەکانی تر پێویستی یە یەکەمەکان کە ماسلۆ ناوی لێناوە بە پاڵنەری بێ بەش بوون(Deprivation Motivation).**

**وە ماسلۆ وای دەبینێت کە ئەم ئامانجە لەڕێگای کۆمەڵە پێداویستی یەك جێبەجێ دەبێت کە ناوی ناوە بە پێداویستی یەکانی پێکهاتن (الحاجات التكوينية- Being needs)، یان پێداویستییەکانی دوای پاڵنەرەکان (Metamotivation) ئەم پاڵنەرەش ئەم بەهایانە دەگرێتەخۆی وەك (ڕاستی، ئەمانەت، جوانی،ڕاستی و فەزیلەت)، کەمانایەکی ڕاست دەبەخشێتە سەر ژیانی ئەو مرۆڤەی کە خودی جێبەجێ کردوە ئەو وێنەیەی ماسلۆ بۆ ئەو کەسانەی کێشاوە کە خودیان جێبەجێ کردووە وێنەیەکی ڕووناك و پۆزەتیڤانەیە، بەڵام ئەم کردارەش کاتێکی درێژخایەن دەخایەنێت، چونکە زۆرلەخەڵکان ناگەنە ئەو ئامانجە سەرەکی یە پێش گەیشتنە تەمەنی (٦٠ساڵی )، بەڵکو کەسانێکی زۆر کەم دەگەنە ئەم ئاستە کە١% کۆی دانیشتوان دەگرێتەوە. لە سیفەتەکانی ئەو جۆرە کەسانەش کە خودیان جێبەجێ کردووە ( چارەسەری کێشەکان دەکەن، گەیشتنە ڕاستی و، جوانی و، دادپەروەری و، بەها مرۆڤایەتی یەکانی دیکە........هتد)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە کامڵ نین، بەڵکو هەندێك جار وایان دەبینینەوە کە دەست بڵاوەن یان بێزارکەروعینادو کەلەڕەق و وروژێنەری دەمارەکانن و بێ ئاگاو لە ئەنجامی جەخت کردنە سەرئەو کێشانەی کە لەبەردەمیان دایە، هەندێك جاربێ ئەدەب ویا گەست بەگوناهو دڵەڕاوکێ و پەستی وناکۆکی دەکەن ودرك بەوە دەکەن کە نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە پێویستە بیگەنێ.**



## کارل روجرز١٩٠٢: بەشێك لە باس وتیۆری کارل روجرز.

تیۆری چارەسەرکردنی دەروونی بەناوبانگ کارل روجرز کە بەشێوازی ناڕاستەوخۆیان ئەوشێوازەی کەکەسی نەخۆش تەوەرەی چارەسەرکردنەکەیە ناسراوە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەتاقیکردنەوەکانی ڕۆژانەی کارلەگەڵ نەخۆشەکان هەڵیهێنجاوە وداڕشتوە.

دیدەنی روجرز بۆتاکەکان دروست کراوی هۆشیارو ژیرن و تێگەیشتنێکی هۆشیارانە خودی تایبەتیان و دونیای تاقی کردنەوەکانیان کۆنترۆڵ دەکات.

**گرنگی کۆتایی(کارل رۆجرز) بۆتیۆروچارەسەرکردن تەنهابۆگۆڕان وگەشەکردنی(ئێستای کەسایەتی)یە، نەوەك بۆنەست وتاقی کردنەوەکانی پێشووتر کە ڕەنگە باری ئێستای کەسایەتی دروست کردبێت.**

واتە بەهۆی گرنگی(هەست) و باری(ئێستا)، بە بڕوای روجرز دەتوانرێ تەنها لەڕێگای بیروبۆچوونی تایبەتی تاکەوە لەکەسایەتی بگەین، واتە لەسەربنەمای تاقی کردنەوەکانی ناوەوەی خود خۆیەوەدەبێت.

روجرز لەساڵی ١٩٠٢ لەدوروبەری شاری شیکاگۆوەك منداڵی چوارەم لەبنەماڵەیەکی ئایینی توندڕەو لە دایك بووە، دایك وباوکی دڵسۆزی وکاریگەری زۆریان بەسەر منداڵەکان هەبووە.

هەرچەندە لە نێومنداڵەکان دا کێبڕکێ وشەڕانگێزی هەبووە، بەڵام سۆز وخۆشەویستی بەردەوام بووە لە نێوانیان دا، بەشێوەیەك کە(روجرز) ژیانی کۆمەڵایەتی لەدەروەی خێزاندا نەبووە.

روجرباس لە خۆی دەکات ودەڵێ منداڵیم سیمای تەنیایی و زۆرچوونە ناوخەون وخەیاڵەوەی بەخۆوە گرتبوو، وە بە شێوەیەکی زۆر هەموو جۆرە کتێبێکی دەخوێندەوە، وە بەهۆی سیمای تەنیایی یەوە، زۆرپشتی بە تاقی کردنەوە تایبەتی یەکانی خۆی وتێروانینی بۆدونیا بەست، ئەم سیمایەش بەدرێژایی ژیان لەگەڵی دابووە هۆی پێك هێنانی بەشێك لەتیۆرەکەی لەسەر کەسایەتی.

خوێندنی (روجرز) بەکشتوکاڵ و ئایین ودواتردەروونزانی کلینیکی ودەروونزانی پەروەردەیی و ئینجا دکتۆرای لەساڵی 1931 لەسەر پێوانەی گونجانی کەسایەتی لای منداڵ وەرگرتەوە و لەم بوارەش

**کاریکردووە.لەدوای دەرچوونی لە زانکۆ کچێکی خواست و بووە هاوسەری کەهەر لە منداڵی یەوە دەیناسی.**

**لەساڵی ١٩٤٦(روجرز) بووە سەرۆکی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆزانایانی دەروونی (الجمعية الأمريكية للعملاء النفس)، لەدوای (١٠)دە ساڵ لەهەوڵ وکۆششێکی دیارو جیاکەرەوە دابوو تا متمانە پێ کردنی گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە ئەو کۆمەڵەیەی پێ بدرێت.**

**بەپێی دیدەنی (روجرز) خەڵك بەپێی مەیلێکی گشتی ئەساسی پاڵنراون بۆجێبەجێ بوون واتە (النزعة للتحقيق) الذات او النفس،وە ئەم مەیلە ڕەمەکیەش (النزعة الخطرية) بریتی یە لە(تاکە پێویستی سەرەکی) لەخەڵك کە پێویستی یەکانی فسیۆلۆژی و دەروونی دەگرێتەوە، واتە ئەم مەیلی جێبەجێ بوونە بەپاراستن و تێرکردنی مرۆڤ مانەوەی دەپارێزن، واتە هاوکاری وپاڵپشت دەبن بۆمانەوەی(دەروون) واتەخود.**

**روجرز زۆر گرنگی بە ژینگە دەدا، چونکە ئەو ژینگەیەی کە مرۆڤ تێیدا دەژی کاریگەری گەورەی بەسەر کەسایەتی یەوە هەیە، چونکە وروژێنەری جۆراو جۆری هەیە و کە هەندێکیان بێ کەلکن یان هەندێکیان گرنگن وهەندێکی ترهەڕەشەکردن و ئەوانی دیکە پاداشت کەرن....هتد. واتە ژینگە کەمان پرییەتی لە وروژێنەری لەبارو نالەبار، هەروەها ( رۆجرز) گرنگی دا بەچۆنیەتی تێگەیشتن و وەڵام دانەوە بۆ ئەو ژینگە(جۆراو جۆرە).**

**هەروەها ( روجرز) ئاماژەی بەوە کرد کە ( ڕاستیەتی ژینگەی تاك بریتی یە لەتێگەیشتنی تاك بۆئەم ژینگە یە، وە تێگەیشتنی تاك ڕەنگە وەك یەك نەبێت ( لایتطابق ) لەگەڵ واقیعی بابەتی، وە ڕەنگە تێگەیشتنی ئێمە بۆهەندێ لایەنی واقیع جیاوازبێت لەگەڵ تێگەیشتنی کەسانی دیکە بۆئەم لایەنی واقیع، واتە دونیای واقیعی هەرکەسێك مەسەلەیەکی زۆرتایبەتە وتیکەڵە لەگەڵ تێڕوانینی ئەوکەسە بۆجیهان.**

**واتە دونیای شارەزایی تاك، تەنها شارەزاییەکانی ئێستاو ڕاستەوخۆ نییە کەتاك هۆشیارە لێی، بەڵکو هەموو ئەو وروژێنەرانەش دەگرێتەوە کە تاك هۆشدارنی یە پێی وەك ( فشاری قژ لەسەر لەشدا کاتێ خوێندنەوە)، وە یادگاری شارەزاییەکانی پێشووش کاتی کاریگەر دەبێت بۆ ئاڕاستەکردنی تێگەیشتن (ادراك) لەو ساتەدا.**

**وە (روجرز)لەنوسینەکانی دا ئاماژەی بەوەکرد کە(شارەزایی بریتی یە لەبەرزترین دەسەڵات وسەنگی محەکی ڕاستی یە)، وە تاقیکردنەوە تایبەتەکانی منە، واتە ئاستە بەرزەکانی گەشەکردن دونیای شارەزایی لای تاك دیاریدەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی تەوەرەی سەرەکی تێڕوانینی (روجرز) بۆ کەسایەتی (خود).**

**بەپێی دیدەنی (روجرز)هەڵسوکەوت بریتی یە لە چالاکی یەکی دیاریکراو بۆ گەیشتنە ئامانجێك لەلایەن ئۆرگانێکەوە بۆ تێرکردنی پێویستی یەکانی کە ئەو ئۆرگانە تێی دەگات.**

وەچەمکی(ئۆرگان) لەی (روجرز) بریتی یە لە (تاك بەگشتی) کەلایەنی لەشی و دەروونی دەگرێتەوە و تاك پاڵنەرێکی ڕەمەکی هەیەبۆجەخت کردنە سەرخود کە کارلێك دەکات لەگەڵ دەوروبەری کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی مەیلی تاك بۆ خود جێبەجێ بوونی دەستکەوتنی ڕێزێکی لەبار ( واتە پۆزەتیڤ) لە خەڵکی دەوروبەری.

کاتێ تاك هەڵدەستێ بە (کۆد) کردنی شارەزایی یەکانی، ڕەنگە نکوڵی لەشارەزایی یەکانی بکاو دەبێتە (نەست)، یان دان بەو شارەزاییانە بنێت و ببێتە (هەست)، تاك نکوڵی لە شارەزاییەکانی ئێش و ئازار دەکاو نایکاتە بەشێك بۆ بونیاتنانی کەسایەتی وتێگەیشتنی لەسەر خودی خۆی. وە نکوڵی کردن و ڕەت کردنەوەی شارەزایی یەکان دەبێتە هۆی سەرچاوەی هەڕەشەکردن لە(خود).

**خود کرۆك و جەوهەری تیۆری (کارل روجرز)ە**، وە (روجرز) وای دەبینێ کە لەکاتی کارلێکردنی تاك لەگەڵ دەوروبەری لەڕێگای مەجالی زاهری خۆی(المجال الظاهری)، کەئەومەجالەش لەشارەزاییەکانی ژیانی تاك پێك دێت کە تاك کارلێکی لەگەڵدا کردووە و بەڕاستی و واقیعی دا دەنێت، تاك بەرە بەرە هەڵدەستێ بەجیاکردنەوەی بەشێك لە شارەزایی یەکانی، وە ئەم بەشە جیاکراوەیە پێی دەگوترێت خود، کەئەمەش نیشانەی پێگەیشتنی تاکە.

- هەروەها بەپێی دیدەنی (روجرز) بۆ سیستەمی بەهاکان ( کەسایەتی تاك )هەر لەمنداڵییەوە دەست بە دروست بوون وگەشەکردن دەکات، کەمنداڵ شارەزایی یە تایبەتەتی یەکانی خۆی لەڕێگای کارلێکردنی لەگەڵ دەوروبەرەکەیەوە پێك دێنێت، کە ئەمەش واقعێکی بۆدروست دەکات کە بەهۆیەوە هەوڵ دەدات خود جێ بەجێ باکت.
- وە لەم قۆناغەدا تاك ناسنامەیەك لەسەرخۆی پێك دێنێت جیاوازە لەتاکەکانی دیکەی دەوروبەری، بۆیە هەر لەسەرەتاوە منداڵ دەست بەتێگەیشتنی کەسان وشتەکانی دەرەوەی خۆی دەکات بەجیا لەخۆی کەئەوشتێکی جیایە لەوان، واتە تێگەیشتنی تایبەت بەخودی خۆی دروست دەکات واتە(مفهوم الذات).
- هەروەها بۆچوونی (روجرز) لەسەر( پێویستی ڕێزگرتن، الحاجة للتقدیر) ئەوەیە کە ئەم پێویستی یە داواکاری یەکی گشتی یە لای هەموو کەسێك، وە پێویستی ڕێزگرتن لەلایەن کەسانی دیکەوە دەست دەکەوێت، وە هەرتاکێك پێویستی بە دەستکەوتنی ڕێزگرتنێکی پۆزەتیڤانە هەیە لەکەسانی دیکەوە، وە لەسەر ڕۆشنایی ئەم ڕێزگرتنەش تاك ڕێزگرتن لەخودی خۆی گەشە پێدەدات.

ئەم ڕێزگرتنەش ڕەنگە پۆزەتیڤانە یان نێگەتیڤانە بێت، وە بەپێی دیدەنی(رۆجرز) منداڵ بەتێپەڕبوونی بەقۆناغەکانی گەشەکردندا چەند جۆرێکی هەڵسوکەوت فێردەبێت و دەبێتە هۆی وەڵامدانەوەی گەرم و

**پڕ سۆز و خۆشەویستی لەکەسانی دیکەی دەوروبەری یەوە، وە منداڵ وای دەبینی ئەم وەڵامدانەوە دەبێتە تێربوونی پێویستی یە ڕەمەکی یەکانی دەروونی خۆی، کەچی هەندێ هەڵسوکەوتی تری وەڵامدانەوەی جیاوازی دەبێت لەوەی پێشووتر کەدەبێتە هۆی ڕەتکردنەوە و دوورکەوتنەوە لە منداڵەکە، بۆیە لەسەرئەم بنەمایەدا منداڵ هەوڵ دەدات ئەوهەڵسوکەوتانە بکات کەدەبێتە هۆی دەست کەوتنی سۆز وخۆشەویستی لە کەسانی دەوروبەری، بەم شێوەیە منداڵ دەست بەقبوڵ کردنی بەهای کەسانی دیکە دەکات جگە لە بەهاکانی خۆی.**

## سروشتی مرۆڤ لای (کارل روجرز):

**بەپێی بۆچوونی (روجرز) مرۆڤ توانای زاڵ بوونی هەیە بەسەرکێشەکانی خۆی داو توانای بڕیاردانی سەربەستیانەشی هەیە، هەروەها هەرمرۆڤێك توانایەکی ڕەمەکی (فطري) هەیە یارمەتی دەدات لەسەر گەشەکردن و پێشکەوتنی، هەروەها روجرز وای دەبینێ کە مرۆڤ ژیری یەو (النسان عقلاني) کۆمەڵ تاك فەساد دەکا و سروشتە پۆزەتیڤەکەی دەگۆڕێت بۆ سروشتێکی نالەبار، هەروەها هەموو مرۆڤێك جێگاوشایەنی بڕواو ڕێز گرتنە.**

**وە مرۆڤ لای (روجرز) مەڵبەندی ئەوشارەزاییانەیە کەلەلای دروست بووە، وە مرۆڤ مەڵبەندی ئەو ڕووداوانەیە کە پێیدا تێپەڕ دەبێت، هەروەها مرۆڤ بەشێك لەشارەزاییەکانی بەشێوەی (هەستی) تێدەگات و وەبەشەکەی تریشی بەشێوەیەکی (نەستی)، بۆیەچارەسەرکاری دەروونی لەناخی نەخۆشی دەروونی (المرشد) ناگات تەنها لەڕێگای گوێ گرتن نەبێت لەو کەسە، کاتێ کەباسی شارەزایی یە لەبارونالەبارەکانی خۆی دەکات وەك خۆی تێی گەیشتووە.**

**کارل روجر١٩٠٢: تیۆری چارەسەری دەروونی**

**بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ**

**کەسی نەخۆش تەوەرەی چارەسەرکردنە**

**-لەخێزانێکی ئایینی توندڕەو لەدایك بووە.**

**-منداڵی چوارەم بووە، سیمای تایبەتی و خوێندنەوەی زۆر.**

**-شەڕانگێز وكێبڕكێی لەنێوان منداڵەكان هەبووە.**

**-بەڵام سۆزو خۆشەویستی بەردەوام لەنێوانیان داهەبووە.**

**-دایك وباوكیان دڵسۆزی وخۆشەویستی كاریگەریان بەسەر منداڵەكان هەبووە.**

**-خوێندنی كوشتوكاڵ وئایین ودەروونزانی كلینیكی ودەروونزانی پەروەردەیی دكتۆرای لە ١٩٣١ لەسەر (پێوانەی گونجانی كەسایەتی لامنداڵ) وەرگرتووە وكاری كردووە.**

**-لەدوای دەرچوونی لەزانكۆ كچێكی خواست كەلە منداڵی یەوە دەیناسی وبووە هاوسەری.**

**-لە١٩٦٤ سەرۆكی كۆمەڵەی ئەمریكی بۆ زانایانی دەروونی ←١٠ساڵ كاری كرد دیاری العطاء العلمی المتیز وەرگرت.**

**دیدەنی روجرزبۆ تاكەكان:**
- **← دروست كراوی هۆشیارو ژیرن**
- **← تێگەیشتنێكی هۆشیارانە خودی تایبەتیان ودونیای تاقی كردنەوەیان كۆنتڕۆڵ دەكات**
- **← گرنگی بەهەست (باری ئێستا) دەدات**
- **← لەڕێگای بیرو بۆچوونی تایبەتی تاكەوە لە كەسایەتی دەگەین**

**خەڵك بەپێی مەیلێكی گشتی ئەساسی پاڵنراون ← بۆ جێبەجێ بوون.**

**واتە مەیلی جێبەجێ بوون ← مەیلێكی ڕەمەكییە(تاكە پێویستی سەرەكی) ← كەپێویستی فسۆلۆژی ودەروونی ← بەجێبەجێ بوونی ئەم مەیلە وتێر بوونی دەروون یان خود**

**گرنگی بە ژینگە داوە**
- **← بێ كەڵكن**
- **← گرنگن + چۆنیەتی تێگەیشتن و وەڵام دانەوەی تاك بۆ ئەو ژینگە جۆراوجۆرە.**
- **← هەڕەشەكەرن**
- **← پاداشت كەرن**

**-ڕەنگە تێگەیشتنی ئێمە وەك یەك نەبێت (لا یتطابق) لەگەڵ واقیعی بابەتی.**

**-ڕەنگە تێگەیشتنی بۆهەندێ لایەنی واقیع جیاواز بێت لەگەڵ تێگەیشتنی کەسانی دیکە بۆ ئەم لایەنەی واقیعە.**

**-واتە دونیای واقیعی هەرکەسێك مەسەلەیەکی زۆرتایبەتە وتیکەڵە لەگەڵ تێڕوانینی ئەوکەسە بۆجیهان.**



## بەشێك لەتیۆری چارەسەری ژیری سۆزی(العلاج العقلی العاطفی):

**البرت ألیس Albert Alles:سەدەی بیست ئەمەریکا 1913-2007**

**لەساڵی 1913 لەدایك بووەو لەساڵی 1947 دکتۆرای لەفەلسەفە لە زانکۆی کۆڵۆمبیا وەرگرتوە، کارەکانی خۆی لە ئۆفیسێکی تایبەت لە ماجالی هاوسەریەتی و خێزان و سێکس دا (الجنس) دەبردە سەر، هەروەها گرنگی بەشی کردنەوەی دەروونی داوە و، پسپۆڕی دەروونی کلینیکی لە یەکەی نەخۆشانەی شار ئەنجام داوە وسەرۆکی پسپۆڕە دەروونی یەکان بەشی پەیمانگا ودام ودەزگاکانی (نیوجیرسی) بووە وهەروەها مانۆستای زانکۆ بووە لەزانکۆی نیویۆرك.**

**زانا(ألیس) لەسەرەتادا گرنگی بەلایەنی (الارشاد) واتە ئاڕاستە و ڕێنمایی کردنی ژیانی هاوسەریەتی دەدا، وە لەو بڕوایە دابوو کە ئەوکێشانەی کە دوو هاوسەر پێوەی دەناڵێنن ئەوا لە ئەنجامی نەبوونی زانیاری و زانستی گونجاو بووە بۆ ئەو کێشانە، بەڵام لە دوایی بە دیارکەوت کە ئەو کێشانەی کە نەخۆشەکانی پێوەی دەناڵێنن ئەوا تەنها لەبەر کەمی زانیاری و زانست نی یە لەلایان، بەڵکو معاناتیشیان هەیە لەلایەنی شڵەژانی سۆزیی یەوە.**

**الیس لەساڵی 1954دوای گرنگی دان بەچەند شێوازێکی چارەسەرکردن ئەم جارەگرنگی دا بەشێوازی چارەسەرکردنی ژیری و سۆزی وە ئەو بڕوایەی لە لادروست بوو کە (هەڵسوکەوتی نامەنتیقی و دەمارگیریەتی) واتە (السلوك اللامنطقی والعصابی) لەلای هەرتاکێك کە لە سەرەتای ژیانی فێری ببوو بەردەوام ئەم هەڵسوکەوتە بەدیاردەکەوێت ئەگەرهاندەریشی نەبێت، چونکەئەم جۆرەکەسانە بەردەوام دەبن لە هاندانی خۆیان لە ڕێگای قەناعەت بە خۆکردن و بەرگری کردن لە چارەسەری، هەر بۆیە نەخۆشەکانی خۆی فێردەکرد کە چۆن بیروباوەڕیان بگۆڕن بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ شێوازی ژیری (العقلانی) لە چارەسەری کێشەکاندا.**

**وە لە دوایی دا هەستی کرد کە (90%) ئەوانەی بەم شێوازە چارەسەرکران ئەوا چاك بوونەوەیەکی بەرچەستەیان پێوە دیار بوو لەماوەی (20) بیست دانیشتندا (جلسة علاجیة).**

## گریمانە سەرەکییەکانی ئەم تیۆرە:

**١-مرۆڤ ژیر و ناژیرە لە هەمان کاتدا، کاتێ بیرکردنەوە وهەڵسوکەوتی بە شێوەیەکی ژیری، ئەوا ئەو مرۆڤە چالاك و دڵخۆش دەبێت.**

**٢-بیرکردنەوەی ناژیری منداڵ هەر لەسەرەتای تەمەنی یەوە لەناوخێزان و کەلتوری ئەوکۆمەڵەی تێیدا دەژی فێری دەبێت.**

**٣-کاریگەری بیروبۆچوونی خەڵکی وسۆزە نالەبارەکانی(دڵەڕاوکێ، هەست بەگوناهکردن، رق وقینە) بە پلەیەکی بەرز بەسەر تاکەکاندا هەیە.**

**وە بە پێی بۆ چوونی چارەسەرکاری ژیری وسۆزی ناتوانین سەرزەنشتی هیچ تاکێك بکەین لەسەر هەڵسوکەوتەکانی دا، بەڵام هەر تاکێك بەر پرسیارە لە هەڵسوکەوتی خۆی.**

**٤-بیرکردنەوە و سۆز دوو پرۆسێسن ناتوانرێت لەیەك جیابکرێتەوە و بەبڕوای (الس) هەردووکیان یەك شتن و جەختیش لەسەرئەوە دەکاتەوە کەهۆی ڕوودانی سۆزەکان بیرکردنەوەیە، بۆیەهەربەبیرکردنەوەش کۆنترۆڵ دەکرێت، هەروەها (الس) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەردەم سۆز و بیرکردنەوەی لەگەڵ دا دەبێت، وە هەرتاکێك بیربکاتەوە بەزۆری هەڵدەچێت، هەروەها هەڵچوونیش دەبێتە هۆی بیرکردنەوە.**

**٥-مرۆڤ بوونەوەرێکی زمان زان دەزانێت کە دەتوانێت بە هۆی زمانەوە گوزارشت لە هەست و بیرکردنەوە بکات.**

**٦-هۆی شڵەژانی سۆزبیرکردنەوەی ناژیری و نامەتیقی یە، وە ئەو ووشە یان ووتە ناڕاستانەی کە تاك بەخۆی دەڵێت، واتە لە ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی هەڵەی تاك خۆی تووشی نەخۆشییەکانی دەمارگیریەتی دەکات، بۆ نموونە کاتێك تاکێك بەخۆی دەڵێت ( خەڵك ڕێزم لێ ناگرێت) ئەگەرهەموو کەس ڕێزی لێ نەگیرێت ئەوا دەبێتە هۆی ناخۆشی لە ژیانی دا واتە (التعاسة) وە بە پێچەوانەوە بیرکردنەوەی ڕاست و دروست دەبێتە مایەی خۆشی وشادی.**

**٧-ڕووداوەکانی دەرەوە ڕاستەوخۆ بەرپرس نین لە شڵەژانە دەروونیەکانمان، بەڵام شێوازی بیرکردنەوەمان بەرامبەر ڕووداوەکان بەرپرسە لەڕوودانی شڵەژانەکانمان.**

**٨-پێویستە هێرش بکرێتە سەربیرکردنەوە وهەڵچوونە نالەبارەکان(السبیة)بەدووبارە ڕێکخستنەوەی تێگەیشتن و بیرکردنەوەکان لەتاکدا تا ڕادەی ئەوەی ئەم تاکە ژیرانە بێت وهەڵچوو نالەبارانە نەبێت.**

**٩-مەیلی کەسەکان بۆ بە نرخاندنی کارو هەڵسوکەوتیان بە شێوەیەکی ( باش یان خراپ ) دەبێت، وە خۆیان هەڵدەسەنگێنن وەکوکەسانێکی باش یان خراپ لەسەربنەمای دەسکەوتەکانیان دا،وە(ڕێزلەخود) گرتنیان کاریگەری هەیە بەسەر هەست و هەڵسوکەوتیان دا، بۆیە پرۆسەی (ڕێز گرتنیش)یان بەیەکێ لەسەرچاوە سەرەکەکیەکان دادەنرێت لەشڵەژانی سۆزدا.**

**بۆیە وا پێویست دەکات کەچارەسەرکار (المعالج) نەخۆشەکانی (المسترشدین) وا فێربکات کە بتوانن نرخاندنی هەڵسوکەوتیان لە نرخاندنی خۆیان جیا بکەوەو بتوانن چۆن خۆیان قبوڵ بکەن لەگەڵ بوونی کەموکورتیەکانی خۆیان (هەڵسوکەوتیان).**

**(الس) هەندێ لە بیروبۆچوونی ناژیری دیاری کردووە کە دەبێتە هۆی ڕووخانی (خود) وبڵاوبوونەوەی دەمارگیریەتی.**

**لەوانەش:**

**١-پێویستە تاك (بە ووتە و کرداری یەوە) خۆشەویست و مەقبول بێت لای هەموو تاکێکی دیکە، بەڵام کەسی ژیر دەڵێت مەرج نییە لای هەموو کەسێك مەقبول وخۆشەویست بێت.**

**٢-هەڵسوکەوتەکانی خەڵك هەڵەیە یان دڕندانەیە یان تاوانکاری یە بۆیە پێویستە سەرزەنشت و سزای ئەو خەڵکە درێت کە ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە دەکەن بەسزایەکی توند.**

**بەڵام کەسی ژیردەڵێت (سزادان) نابێتە هۆی کەم کردنەوەی شڵەژانەکانی سۆزی، بەڵکو ڕەنگە ببێتە ڕوودانی هەڵسوکەوتێکی خراپتر، بۆیە ئەو هەوڵ دەدات هەڵسوکەوتی ئەوان بگۆڕێت وباشتری بکات لە ڕێگای قەناعەت کردنەوە.**

**٣-ئاسانە لەڕووداو وکێشەکانی ژیان و بەرپرسیارێتیان دووربکەوینەوە لەجیاتی ئەوەی بەرەنگاری ببینەوە.**

**بەڵام کەسی ژێرئاماژە بەوە دەکات کە زۆرجار دووردەکەوێتەوە لەو ڕووداو کێشانە پرئێش و ئازارترە لە بەرەنگاربوونەوەی و تێ دەگات کەهەست بە بەرپرسیارێتی کردن و چارەسەری کێشەکان بەشێکە لە ژیانی خۆشی.**

**٤-پێویستە(کەس) پشت بەکەسانی لە خۆی شارەزاتر ببەستێت بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن بۆ جێبەجێ کردنێکی سەرکەوتوانەی ئامانجەکانی ژیانی، بەڵام کەسی ژێر ئاماژە بەوە دەکات کە زێدەڕۆیی لە پشت بەستن بەکەسانی دیکە دەبێتە هۆی سەربەست نەبوون و گوزارشت نەکردنێکی سەربەستانە لەخود.**

**٥-شارەزاییەکانی و ڕووداوەکانی ڕابردوومان هەڵسوکەوتی ئێستامان دیاری دەکات و کاریگەری ڕابردووش ناتوانرێت لاببرێت یان نکۆڵی لێ بکرێت، بەڵام کەسی ژێر دەڵێت ئەوەی لە ڕابردوو ڕووی داوە و پێویست بووە بۆ زروفێکی دیاری کراو بووە. مەرج نی یە بۆ کاتی ئێستاش پێویست بێت، بۆیە دەبێت باوەڕەکانی ڕابردوومان مل کەچی پرسیار ودادگایی کردنەوە بکەین.**

**٦-کەخەڵك تووشی کێشەو شڵەژان دەبن پێویستە (تاك) دڵتەنگ یان بێزار بێت، کەسی ژێ بیردەکاتەوە ئینجا بڕیار دەدات کە ئایا هەڵسوکەوتی کەسانی دیکە دەبێتە مایەی بێزارکردن، هەروەها هەوڵ دەدات شتێك بکات کە خەڵك لەو بێزاریی یە ڕزگار بکات.**

## چەمکی (الس) بۆ کەسایەتی:

**الس بەم کۆدانە(A-B-C) گوزارشت لەکەسایەتی دەکات:**

**A: بەمانای ڕووداو یان شارەزایی یەك یان چاڵاکی یەك دێت.**

**B: بەمانای بیروبۆچوون وباوەڕەکانی تاك دێت.**

**C: بەمانای ئەنجامە هەڵچوونەکە دێت.**

بەڕووکەش وابەدیاردەکەوێت کەڕووداوەکانی(A) دەبێتە هۆی هەڵچوونەکانی (C)، بەڵام لەڕاستی دا لەنێوانیان دا بیروبۆچوون و باوەڕەکانی (B) هەیە وبەرپرسیارە لەهەڵچوونەکانی (C).

بەمانای ئەوەی کەڕووداوچالاکیەکانی (A)نابێتەهۆی هەڵچوونەسۆزیەکانی (C)، بەڵکوبیروبۆچوون و ئەوباوەڕانەی کە لەئەنجامی ڕووداو چالاکییەکانی (A)ە یەوە پەیدا بووە دەبێتەهۆی هەڵچوونە سۆزی یەکانی (C).



## نظريات المجال المحدود:

### ليۆن فستنگر: (8 مايو 1919- 11فبراير 1989) حمل على دكتورا فى علم نفس فى جامعة أيوافى 1942ز

### بەشێك لە(النشوز الفكرى (Cognitive dissonance): أمريكى

**خاوەنی تیۆری لەیەك نەچوونی (لیۆن فستنگر) زانایەکی دەروونزانی کۆمەڵایەتی یە, مەعریفی, وە تیۆری بەراوردی کۆمەڵایەتی یە, ودۆزینەوەی گرنگی لەیەك نزیك بوونەوەیەلەپێکهێنانی پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتیدا.**

وە (فستنگر) زیاتر بە تیۆری لەیەك نەچوونی مەعریفی بەناوبانگە, کە ئاماژە بەوە دەکات کاتێك کە کەسەکان مەیلیان بۆئەوشێوازەهەڵسوکەوتانەیە کەناگونجێت لەگەڵ بڕواکانیان, ئەوائەوکەسانە تووشی نائارامی و بێزاری دەروونی دەبن, وە ئەو بێزاریە دواتر دەبێتە هۆی گۆڕانی بڕواکانیان تا لەیەك بچێت لەگەڵ هەڵسوکەوتیاندا, لەجیاتی ئەوەی هەڵسوکەوتیان بگۆڕن, ئەوەش بۆ ئەوەی لەگەڵ عورف دایەك بێت.

(فستنگر)بەپێی تیۆرەی یەکەی(لەیەك نەچوونی مەعریفی)وای دەبینێت بەپاڵپشتی بیرۆکەی(هاوسەنگی دەروونی), کاتێك کەمرۆڤ دەکەوێتە ژێر کاریگەری(بیری لەیەك نەچوو)(أفكار متنافرة), ئەوا لەناخیدا جۆرێك لەشڵەژان پەیدادەبێت کەڕەنگە ببێتەهۆی ڕوودانی گۆڕانکارییەك بۆنەهێشتنی ئەولەیەك چوونە

**و دووبارە گەڕاندنەوەی کەسەکە بۆباری هاوسەنگی و لەیەك چووی مەعریفی دا. وە ئەو گۆڕانکارییە (کەتاك پێویستە بڕیاری گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوتی یان گۆڕانکاری لە بڕواکانی بدات) واتە گوزارشت لە چاککردنەوەی بیرۆکەی کەسەکە یان هەڵسوکەوتی یان لە توخمێك یان زیاتری توخمە مەعریفیەکانی کەسەکە دەکات, ڕەنگە کەسەکە پەنابەرێتە بەر کەمکردنەوە لە گرنگی ئەو بیرۆکە لەیەك نەچوونانە لە دیدی خۆیدا, هەموو ئەوانەش بۆ لابردنی باری شڵەژانەکەیە یان کەم کردنەوەیەتی.**

**وە(فستنگر)وای بۆ دەچێت کە لەیەک نەچوون لە مەعریفەدا لە ئەنجامی یەک لەو هۆیانەی خوارەوەدا ڕوودەدات, چونکە وەك (ڕێسا) ئێمە بیروباوەڕ وبەهاوهزری لەیەک نەچوومان نیە لەهەمان کاتدا, وە شێوەیەک هەلسوکەوت ناکەین کە ناکۆک بێت لەگەڵ بڕواکانماندا, چونکە عادەتەن دەروون لە بارێکی گونجاودایە و لە بنەڕەتدا ڕێکە لەگەڵ هەموو لایەنەکانیدا.**

**التناضر فی ینشأ نتیجة أحد الأسباب التالیة: هۆیەکان:**

**یەکەم: بوونی دژی یەك بوون یان ڕێك نەکەوتنی لۆجیکی:**

**ئەوەش ئەو کاتە ڕوودەدات کاتێك زانیارییەك پشت بە زانیارییەکی تر دەبەستێت بەشێوەیەکی لۆجیکی, بۆ نموونە گریمان ( کە هەموو خەڵك تاسەر ناژین, بەڵام لە هەمان کاتدا بڕوامان وایە کە ئێمە تاسەر دەژین) لەم حاڵەتەدا هەردوو توخمی مەعریفەت کە (نەمان وژیانی ئەبەدی) لەباری لەیەك نەچوونن چونکە لۆجیکیان ناگونجێن.**

**دووەم: چەشنەکانی ڕۆشنبیری میللی کە لای گشتی خەڵك مەقبولە چونکە ڕەنگدانەوەی دیدەنیەکانی ئەخلاقی کەمەڵەیە, بۆ نموونە: پێویستە قوتابی ڕێز لەمامۆستاکەی بگرێت.**

**سێ یەم: بوونی دژەیەکی لەنێوان بۆچوون و هەڵسوکەوتدا بۆ نموونە وەك کەسێك بڕوای بەگرنگی دەنگدان لە هەڵبژاردن داهەیە, بەڵام خۆی ئەو کارە ئەنجام نادات لەکاتی هەڵبژاردندا.**

**چوارەم: شارەزاییەکانی پێشوو, ئەگەر دەستمان خستەسەر ئاگر و هەستمان بە ئازارکرد, ئەوا لەیەك نەچوون ڕوودەدات چوونکە ئەزموونەکانی پێشوومان وای لێکردین بڕوامان هەبێت کە گرتنی ئاگر بە ئازارە, وە کاتێ هەوڵ دەدەین لەیەك نەچوونی مەعریفی کەم بکەینەوە, ڕێسای سەرەکی ئەوەیە کە ئاسانترین شێوازهەڵبژێرین وهەوڵ بدەین ئەوشتانەی کەلاوازن لە بەرگری کردن لەگۆڕان بیان گۆڕین.**

**چوار هەڵوێستی بەیەك گەیشتن هەیە بۆحاڵەتی لەیەك نەچوونی مەعریفی:**

**1-هەڵوێستی بڕیاردان:**

**(فستنگر) وای دەبینێت کە لەیەك نەچوون بەهۆی بڕیاردانەوە دروست دەبێت, بۆنموونە: ئەگەر ئێمە ئۆتۆمبیلێك هەڵبژێرین لەنێوان دوو ئۆتۆمبێلدا, ئەوا لەیەك نەچوون ڕوودەدات چونکە ئێمە بەدوای خەسڵەتەسەرنجڕاکێشەکانی ئەوئۆتۆمبێلەدەگەڕێن کەهەڵمان نەبژاردووە,وەهەست بەداخێك(پەشیمانی) دەکەین بەهۆی لایەنە خراپەکانی ئەو سەیارەی کە هەڵمان بژاردووە.**

**وە(3) سێ فاکتەر کاریگەری هەیە بەسەر ئەو لەیەك نەچوونەی کەبەهۆی بڕیاردانەوە پەیدا دەبێت:**

**یەکەم: گرنگی بڕیارەکە واتە چەند بڕیارەکە گرنگتربێت لەیەك نەچوونەکە زیاتر دەبێت.**

**دووەم: چەند سەرنجڕاکێشانی سەیارە بەدیلەکە(هەڵبژێردراوەکە) زیاتر بێت, ئەوا لەیەك نەچوونەکە زیاتر دەبێت.**

**سێ یەم: لەیەك نەچوون ڕوودەدات کاتێك توخمە مەعریفیەکان وەك یەکن.**

**2-هەڵوێستی سەپاندنی ملکەچی:**

**ئەوهەڵوێستەی کە سەپاندنی ملکەچی تێدایە ئاماژە بەوە دەکات کە تاك ناچارە ڕەفتارێك(سلوك) ئەنجام بدات کە ڕەنگە بەویست و هەڵبژاردەی خۆی ئەو ڕەفتار نەکات.**

**وە لێرەداتاك دەکەوێتە بەرفشارێك بۆمسۆگەرکردنی هەڵسانی بەوکارەی بەشێوەی سزادان کاتێك کەتاك ملکەچ نەبێت, یان بەشێوەی دەست کەوتنی دیاری لە ئەنجامی ملکەچی یەکەی دا.**

**3-هەڵوێستی تووش بوون بە زانیاری(موقف التحرض المعلومات):**

**یەکێك لەو ڕێگایانەی کە تاك پەنای بۆ دەبات بۆکەم کردنەوەی لەیەك نەچوونی مەعریفی, ڕووبەڕوو بوونەوەی تاکە لەدیاریکردنی زانیارییەکانی, چونکەتاك بەدوای ئەوبیروڕایانە دەگەڕێت کە دەگونجێت لەگەڵ بیروڕاکانی خۆی و دوور دەکەوێتەوە لەو زانیاریانەی کە ناگونجێت ( لەیەك نەچوونن) لەگەڵ زانیاری یەکانی ئەو.**

**4-هەڵوێستی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی:**

**کاتێك خەڵکانی ترڕێك دەکەون لەبیروڕا لەگەڵ ئێمەدا ئەوالەناوەوە هەست بەخۆشی دەکەین, وەکاتێك جیاوازن و ڕێك ناکەون هەست بە هێمنی و ئارامی ناکەین, بۆیە ڕێکەوتن لەگەڵ خەڵکانی تر لەیەك نەچوون کەم دەکاتەوە, بەڵام ڕێك نەکەوتن لەگەڵیاندا لەیەك نەچوون زیاد دەکات.**

**چەندێتی لەیەك نەچوون دەوەستێتە سەر ئەو فاكتەرانەی خوارەوە:**

**أ-گرنگی بابەتەكە:**



**واتەچەندێتی لەیەك نەچوون كەبەهۆی ڕێك نەكەوتنەوە كە لەسەربابەتێكی گرنگدادەبێت, وەك:هەستی نیشتمانی گەورەتردەبێت لەو لەیەك نەچوونەی كە بەهۆی جیاوازی لە جۆری ئەو یانەیەی كەپشتگیری دەكەین.**

**ب-ژمارەی ئەو كەسانەی كە لەبیرو ڕایەك ڕێك دەكەون یان جیاوازن لەگەڵماندا و وە چەند ژمارەی پاڵپشتانمان زیاتربێت ئەوا لەیەك نەچوونمان كەمتر دەبێت.**

**ج-پلەوپایەی ئەوكەسانەی كەڕێكدەكەوین یان جیاوازین لەبیروڕا لەگەڵیاندا, واتەجیاوازیمان لەبیروڕا لەگەڵ ئەو كەسانەی كە ڕێزیان دەگرین لەیەك نەچوونێكی زیاتر دروست دەكات لە جیاوازیمان لەگەڵ ئەو كەسانەی كە گرنگیان پێ نادەین.**

**أریك فروم**

**بەشێك لەتیۆری ئەریك فرۆم لەسەر: (ئاڕاستەكانی نابەرهەم هێنەرو ئاڕاستەكانی بەرهەم هێنەر):**

**چەشنی یەكەم: ئاڕاستەكانی نابەرهەم هێنەر:**

**١)ئاڕاستەی ئەوتاكانەی كە سیمای وەرگرتە بەسەریان زاڵە، بڕوایان وایە كەسەرچاوەی ڕازی بوون وتێربوون لە دەرەوەی خۆیان دایە، وە واپێشبینی دەكەن كە دەست كەوتنی هەمووشتێك كەدەیانەوێت لە سەرچاوەی دەرەكی (كەسێك، خێزان، كۆمەڵە كەسێك، دەسەڵات، سیستەم، كە پێویستیەكانیشیان تەنها ماددی نین بەڵكودەروونیشە، وەك(خۆشەویستی) وەناتوانین زانیارییەك یان فكرەیەكی نوێ پێشكەش بكەن، چونكەڕاهاتوون كەلەدەووروەبەروەری بگرن، وە ئەم جۆرەكەسانەچاوەڕێ دەكەن كەكەسانی تر پێداویستیەكانیان تێر بكات.**

**٢)ئاڕاستەی ئەوتاكانەی كەلەلای تاكە قۆرخ كەرەكان باوە،ئەوانەی بڕوایان وایە كەسەرچاوەی هەموو تێربوونەكان لە دەرەوەی خۆیاندایە، ئەم جۆرە تاكانە كە قۆرخ كارن هەرشتێكیان بوێت لە خەڵكانی تر وەری دەگرن بەهۆی هێزەوە یان بەهۆی فروفێڵەوە، وە بەپێی بۆچوونی فرۆم هەموو شتێكی ئازیز**

**لە خەڵك دەبەن وەك ژنەکان، پیاوەکان( مێردەکان) موڵك وهزرو بیرۆکەکان، وە بەپێی بۆچوونی (فرۆم) کە دەتوانرێت تێبینی ئەو جۆرەکەسانە بکەن لەنێوان سەرکردە فاشیستەکان ودەسەڵاتە چەوسێنەرەکانەوە.**

**٣)ئاڕاستەی ئەو تاکانەی کەپێیان دەڵێن ( الکانزون ) : واتە ئەوانەی هەڵدەستن بە کۆکردنەوە و عەمبارکردنی پارەو موڵك و سۆزەکان وهزرو بیرەکانیش،وە ئەوان چاوەڕێ ناکەن کە خێرو بەرەکەت لە سەرچاوەیەکی دەرەکی بۆیان بێت بە دەگمەن نەبێت**

**بۆیە خۆیان دەورەی ئەو شتە دەدەن کە عەمباریان کردوەو دەی پارێزن لە دزینێکی مسۆگەرو دەسەت درێژیەکی بەپلان، وە خۆشیان کەم لێی سەرف دەکەن و بەکاری دەهێنن، وە کەسی(کانز) وەك موڵك سەیری خۆشەویستی دەکات، هەر شتێك موڵکی ئەو بێت نایدات بەکەس، هەروەها هەستەکان وهزرو بیرەکانیش موڵکی تایبەتن ووە نابێت کەس بەشداربێت لەگەڵیان، وە دروشمیان( ملکی هوملکی ومالك هو ملك)، وە لای (کانز)ەکان شتەکان زۆرگرنگترن لە خەڵکی تر، وە مردن و تێکدان زیاترلەبەرچاوی ئەواندا واقعی ترە لەژیان و گەشەکردن.**

**٤)ئەم جۆرەیان بەکەسە بازرگانەکان ناودەبرێن، وە(فرۆم)وای دەبینێت کەئەم جۆرەکەسانە لەکۆمەڵانی پیشەسازی نوێ دا زۆرن وە ڕەگەکانی پەیوەستە بەبازرگانی و کاری ئابووری وبازاڕی کاڵاکان، خەڵك لەو کۆمەڵانەدا ئاڕاستەیان بۆ فێربوونی مامەڵەکردنی خۆیان و کەسانی ترە بەهەمان شێوازی مامەڵە کردنیانە بەکاڵاکانەوە.**

**وە لەبەرئەوەی سەرکەوتنی تاك وژێرکەوتنی بەندەلەوکۆمەڵەدابەئەوەی دەیفرۆشێت وئەوەی دەیکڕێت کەواتە بەهای کەسایەتی یەکسان دەبێت بە بەهای کاڵایی، ئەوەش مانای ئەوە دەبەخشێت کەکەسایەتی مرۆڤ لەکۆمەڵی پیشەسازی نوێ دەبێتەکاڵایەك بۆفرۆشتن، واتەبەهای مرۆڤی بەدۆلارهەژمار دەکرێت.**

## چەشنی دووەم: ئاڕاستەکانی بەرهەم هێنەزر:

**ئەم ئاڕاستەیەبەتەواوی بوونی مرۆڤێکی پێشکەوتوو گەشەکردوو دەگرێتەوە، وە ئاڕاستەیەکی بنەڕەتی هەیە کە پیوەستە بەهەموومەجالەکانی شارەزایی مرۆڤەوە، کەئەوەش وەڵامدانەوەیەکی هەستی وژیری وهەڵچوونی یە بەرامبەربەخەڵك وبەخۆی وبەرامبەرشتەکانەوە وئەوپەڕی بەکارهێنانی هێزو تواناکانی تاکیش دەگرێتەوە، وە(فرۆم) ئاماژە بەوە دەکات کەئێمە ئەوکاتە دەتوانین هێزو تواناکانمان بەکاربهێنین**

کاتێ کە سەربەست وسەربەخۆ بین لەژێردەسەڵاتی کەسانی تر، وەتەنها لەم زروفەدا دەتوانین ژیریمان وخەیاڵمان بەکار بهێنین لە گەشەپێدانی کەسایەتیمان.



وە (فرۆم) بەردەوام دەبێت و دەڵێت کەسی بەرهەم هێنەر لە ئاڕاستەکردنی ژیانیدا پشت بە کەسانی تر نابەستێت، وە لەژیانی خۆشی لایان نادات، چونکە کەسی بەرهەم هێنەر هەست بە بەهای کەسایەتی خۆی دەکات وتوانایان هەیە کە کەرامەتی هەموو خەڵك بپارێزین وە لەڕێگەو شێوازی خۆشەویستی بە ئەوان پەیوەست دەبێت وە دەبێتە کەسێکی کاراو چالاك بۆ هەموو ژیانی خۆی.

## سێگۆشەی خۆشەویستی " رۆبێرت ستێرنبێرگ"

## Robert Sternberg’s triangular theory of love

زانا و دەروون پزیشکی ئەمریکی " رۆبێرت ستێرنبێرگ " لە8 دیسەمبەری 1949 لە دایکبووە. مامۆستای گەشەپێدانی مرۆییە لە زانکۆی کۆرنێل. بەر لەپەیوەندیکردنی بە کۆرنێل، سەرۆکی زانکۆی وایۆمینگ بووە. پرۆڤۆست وپرۆفیسۆر بووە لەزانکۆی ولایەتی ئۆکلاهۆما. عەمیدی کۆلێژی هونەر وزانست بووە لە زانکۆی تافتس. مامۆستای دەروونزانی و پەروەردەیی بووە لە زانکۆی یاڵ. ئەندامی دەستەی نوسەرانی زۆرێك لە گۆڤارەکان بووە، لەوانە دەوونزانانی ئەمریکا. وە سەرۆکی پیشووی کۆمەڵەی دەروونزانی ئەمریکی بووە. لە گەورەترین بەشداریەکانی لە دەوونزانی، تیۆری سێ دووریە لەزیرەکی، وە کۆمەڵێك تیۆری کاریگەری تر دەربارەی داهێنان، دانایی، شێوازی بیرکردنەوە و خۆشەویستی و ڕەق. هەروەها تیۆری " سێگۆشەی خۆشەویستی" یەکێکە لەو تیۆرانەی کە دەنگدانەوەیەکی زۆری دروستکر. " ستێرنبێرگ" لە پلەی 60ەم دێت وەك یەکێك لە باشترین دەروونزانەکانی سەدەی بیست. زیاتر لە بیست ملیۆن دیناری بەدەستهاێناوە لەو منحە و گرێبەست و توێژینەوانەی کە لەپێنج کیشوەر ئەنجامی داوە. سەرنجی سەرەکی لە توێژینەوەکانی لەسەر زیرەکی و

**داهێنان و دانایی بووە. نووسەر یان بەشداربووە لە نووسینی زیاتر لە 1500 بڵاو کراوە کە کتێب و وتار وڕاپۆڕت ......دەگرێتە خۆ.**

**هاوسەرگیری لەگەڵ زانایەکی دەروونزانی ئەڵمانی" کارین ستێرنبێرگ" داکردووە، سێ منداڵیان بووە، کوڕێك و دوو کچ. لە هاوسەری پێشووی کوڕێکی و کچێکی هەیە.**

## سێگۆشەی خۆشەویستی چیە؟

**ڕەنگە خۆشەویستی تا ئێستا زۆرترین باس و خواسی لەسەر کرابێت. هەرکەسە و لە ڕوانگەیەکەوە لێکدانەوەی بۆکردووە، هەندێك لەگۆشەنیگای فەلسەفیەوە وهەندێکیش لەڕوانگەی دەروونی وئەدەبی .... هتد، بابەتەکە هەڵدەسەنگێنن.**

**یەکێکە لە تیۆرە سەرنج ڕاکێش وگرنگەکان، تیۆری زانای دەوونزانی " رۆبێرت ستێرنبێرگ"ە کە بە "سێگۆشەی خۆشەویستی" ناسراوە. ئەم تیۆرەلەساڵی 1986 بڵاوکردۆتەوە وهەوڵیداوە لەگۆشەیەکی**

**ترەوە، خۆشەویستی و پەیوەندی نێوان کەسەکان لێکبداتەوە. ئەو پێی وایە سێ ڕەگەز و پێکهاتەی سەرەکی هەیە، کەپێویستە لەنێوان هەموپەیوەندیەکانداهەبێت، تاکوعەشێکی پروتەواوت دەستکەوێت.**

**خۆ ئەگەر هاتوو یەکێك لەو سێ پێکهاتە سەرەکیەی، ستێرنبێرگ دیاریدەکات کەم بێت، ئەا جۆری پەیوەندیەك بۆجۆرێکی تر لە خۆشەویستی دەگۆڕێت. سێ ڕەگەزە سەرەکیەکەش ئەمانەی خوارەوەن**



**هۆگری+ پابەندبوون عەشقی کامڵ هۆگری +ئارەزوو**

**consummate love**

**هۆگری+پابەندبوون+ئارەزوو**




**عەشقی پووچ خۆشەویستی گەمژانە خۆشەویستی شەیدایانە**

**Empty love fatuous love Infatuated love**

**پابەندبوون+ئارەزوو**

**هێلکاری ڕوونکردنەوەی تیۆری سێگۆشەی خۆشەویستی "ڕۆبێرت ستێرنبێرگ"**

## 1-هۆگری(Lntimacy):

**لە تیۆرەکەی "ستێرنبێرگ" دا, هۆگری بە بنەمای سەرەکی خۆشەویستی دادەنرێت دادەنرێت, زیاتر مانای نزیکی و گەرموگوڕی دەدات, واتا هەستکردن بە گرنگیدان بەو کەسەی خۆشم دەوێت یان هەستکردن بەنزیکی لەبیروبۆچوون وبوونی پەیوەندیەك لەگەڵیدا,بەگشتی لەحاڵەتی بوونی هۆگریدا, تۆئارەزووی خۆشگوزەرانی کەسی بەرامبەر دەکەی وحەزدەکەی ئەزموونی خۆشاڵی لەگەڵدا بکەی, وە گرنگیدانی زیاترت هەیە بۆی, وە لەڕووی بیرووبۆچوونەوە زیاترلێکتێگەیشتن ونزیکی هەیە لە نێوانتاندا, هەروەها ئاڵوگۆڕی گرفتە کەسیەکانتان دەکەن, بەپێی لێکۆڵینەوەکانی هەردوو توێژەر (masters& Johnson), هۆگری ئەم ڕەگەزانەی خوارەوە دەگرێتە خۆ:**

**1-بایەخ پێدان(Caring)**
**2-هاوبەشی پێکردن(Sharimg)**
**3-متمانە(Trust)**
**4-ڕاستگۆیی(Honesty)**
**5-هاوسۆزی(Empathy)**
**6-نەرم ونیانی(Tenderness)**

**2-ئارەزوو(Passion):**

**حەز, ئارەزوو یان هەست وسۆز, بەگشتی گوزارشت لەو هەستە بەتین وبەهێزە دەکات, کە مرۆڤ لە کاتی خۆشەویستی کەسێکدا هەستی پێدەکات, بە واتای سەرنجڕاکێشی وحەزوو ئارەزووە بەرمبەر بە یەکتری, زیاتر لەسەر بنەمای ڕەمەك دامەزراوە ولایەنی سروشتی وجەستەیی وسێکسی دەگرێتە خۆ. هەموو مرۆڤێك, دەیەوێت لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر ژیانی هاوبەشی هەبێت, ئەو پێویستیە هەتا لە سەردەمی پیریدا کە پەیوەندی سێکسی کەم دەبێتەوە, بەردەوامی دەبێت, پێویستی ژیانی هاوبەشە. وە جگەلەلایەنی سێکسی شتێکی ترلەحەزو ئارەزووداهەیە کەلەنێوخەڵکدا بەگشتی بەڕۆمانتیك ناسراوە.**

**3-پابەندبوون.(Commitment):**

**جۆرێکە لەوەفاو پابەندبوونە بۆکەسی بەرامبەر, لەم پەیوەندیەدا تاك هەوڵدەدات لەهەرهەلومەرجێکدا بێت پەیوەندیەکەی خۆی لەگەڵ ئەو کەسەدا بپارێزت, پەیوەست بوونی دووکەسە بەیەکەوە و بڕیاری مانەوەیە لە لاییەك و جێبەجێکردنی پلانەکانی داهاتوویانە, پابەندبوون لەسەر بنەمای هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی هاوسەرەکانە لەگەڵ یەك, ئاگاداربوون و وەفاداریان بەرامبەر یەکتری دامەزراوە, ئەنجامدانی کارێکە کەهەردوو کەسەکە هێزی خۆیان بەکاردەبەن بۆ پاراستنی پەیوەندییەکەیان, لەهەر زیانێك. ئەوەی کەتۆدەتەوێت بۆهەمیشە پارێزگاری لە خۆشەویستەکەت بکەی و ئاگات لێی بێت وەفاو پابەندبوونە.**

**لەسەر بنەمای بوون و نەبوونی ئەو سێ پێکهاتە سەرەکیەی سەرەوە, ستێرنبێرگ چەند جۆرێکی خۆشەویستی جیادەکاتەوە کەیەك جۆریان نەبوونی خۆشەویستیەوحەوت جۆری تریشیان چەند شکل و شێوەیەکی تری خۆشەویستیە. تێکڕا هەشت جۆر دەکات و ئەمانەی لای خوارەوەن:**

**1.نەبوونی خۆشەویستی(Nonlove):**

**بەپێی تیۆرەکەی ستێرنبێرگ, حاڵەتی نەبوونی خۆشەویستی واتە نەبوونی هیچ کامە لەو سێ پێکهاتە سەرەکیە کە(هۆگری, ئارەزوو, پابەندوون), ئەمەش زیاترلە پەیوەندیە ئاسایی وتێپەڕەکانی ڕۆژانەدا, بە دیار دەکەوێت, لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هیچ هەست وپابەدبوونێکمان نیە بۆیان.**

**2.پەیوەندی دۆستانە(تەنیا هۆگری).(Linking):**

**هەستکردن بەنزیکی و وابەستەییە بۆ کەسی بەرامبەر, بەڵام بەبێ ئەوەی هەست و سۆزەکەت بەهێز بێت. خۆشەویستی دۆستانە, کاتێك دروست دەبێت, ئەگەر هاتوو تەنها یەکێك لەسێ پێکاتە سەرەکیەکە ئامادەیی هەبوو, ئەویش "هۆگری"یە. وە هەریەك لە ئارەزوو و پابەندبوون" ئامادەییان نەبوو. ئەم**

**ئەم جۆرە پەیوەندیەش ئاسایی لە نێوان زۆر کەس و هاوڵ خزم و دۆست تێبینی دەکرێت, بەڵام هیچ پابەندبوون و بەڵێن و بڕیارێکی تێدا نیە.**

## 3-خۆشەویستی شەیدایانە(شێتانە) (Infatuated Love):

**خۆشەویستی شەیدایانە یان شتێانە, کاتێك ڕوودەدات کەتەنها لایەنی "حەز وئارەزوو"هەیە وهەریەك لەهۆگری وپابەندبوون ئامادەییان نیە. ئەم جۆرەخۆشەویستیە زیاتربە"خۆشەویستی لە یەکەم نیگادا" ناسراوە. چونکە زۆربەی ئەوانەی لە یەکەم نیگادا عاشقی کەسی بەرامبەر دەبن, هیچ هۆگری و پابەندبوونێکی تێدانیە. زیاتر لایەنی سێکس وسەرنجڕاکێشی جەستەیی, سەنتەرە. ئەو کەسانەی ئەو خۆشەویستیەیان تێدا بەدی دەکرێت, هەندێك گۆڕانکاری جەستەیی وەك خێراهەناسەدان و خێرالێدانی دڵ لایان ڕوودەدات. هەروەها ڕەنگە وروژاندن لە کۆئەندامەکانی زاوزێ ڕوودات. لەم جۆرە پەیوەندیەدا ڕەنگە جیاوازی زۆر هەبێت لە نێوانتان, بەڵام قسەی زۆرتان نیە دەربارەی بیکەن, پەیوەندیەکەش گەرمە تا ئەو کاتە ئەو حەزو ئارەزووە هەیە لەنێوانتان, هەرکات ئەوحەزو ئارەزووە نەما, پەیوەندیەکەش مانایەکی نامێنێت.**

## 4-عەشقی پووچ (Empty Love):

**بەبڕوای"ستێرنبێرگ"ئەوجۆرە لەخۆشەویستی, لەوە سەرچاوە دەگرێت, کە ئەگەرکەسێك بڕیار بدات یەکێکی خۆش بوێت, پابەندبوون و وەفای هەبێت بۆ ئەو کەسە, بەڵام هەریەك لە هۆگری و حەزو ئارەزوو, بوونیان نەبێت. دەکرێت ئەو جۆرە خەۆشەویستیە هەندێك کات لەوپەیوەندیانەدا ببینرێت کە ساڵانێکە بەردەوامی هەیە, بەڵام وەستاون. هەردوو لایەنی سۆزداری و سەرنجڕاکێشی جەستەیی, توانایان لە دەستداوە کە لە پێشوداهەیان بووە, ئەگەر لە خۆشەویستیدا پابەندبوونێکی بەهێز بوونی نەبێت, دەکرێت زۆر بەئاسانی ئەو خۆشەویستیە بگۆڕێت بۆ حاڵەتی"نەبوونی خۆشەویستی**

**ستێرنبێرگ پێی وایەلەکۆمەڵگای ئەمریکایی,خۆشەویستی پووچ لەکۆتای یان لەقۆناغی پێش کۆتایی پەیوەندیە ماوەدرێژەکاندا ڕوودەدات, بەڵام لە کۆمەڵگاکانی تردا لەسەرەتاوە ڕوودەدات و لەوبارەوە نموونەی ئەوکەسانەدێنێتەوە کەلەڕێگای هاوسەرگیریەکی ڕێکخراوەوە(واتەکەسانی ترهاوسەرگیری بۆ دوو کەسەکە ڕێکدەخەن ) هاوسەرگیری دەکەن. پێی وایە ئەو جۆرە کەسانە سەرەتاکەیان بەوە دەست پێدەکەن, کە پابەندبن بە خۆشەویستی یەکتری, یان هەوڵبدەن یەکتریان خۆش بووێت بەبێ ئەوەی هیچ هۆگری یان ئارەزوویەکیان هەبێت بۆ یەکتر. ئەوجۆرە پەیوەندیەش ئاماژەیەکە بۆئەوەی کە خۆشەویستی پووچ لەو کۆمەڵگایانەدا هەر لە سەرەتاوە ڕوودەدات نەوەك کۆتایی. زۆربەی هاوسەرگیریە ناشادەکان یان ئەوانەی خۆشحاڵ نین, هۆگری وحەز وئارەزوو دەمێکە تێیاندا خامۆش**

**بووە, جۆرێکە لە خۆشەویستی پووچ. ئەم جۆرە لە خۆشەویستی هیچی لێ بەجێنەماوە, جگە لە گرێبەستی هاوسەرگیریەکەی.**

**5-خۆشەویستی ڕۆمانسی (Romantic Love):**

**ئەو جۆرە لە خۆشەویستی لە ئەنجامی بوونی هەریەك لە "هۆگری و ئارەزوو ", دروست بووە بەڵام پابەندبوونی تێدانیە. ستۆرنبێگ پێی وایە ئەوانەی لە خۆشەویستی ڕۆمانسیدان, تەنها لە ڕووی جەستەیەوە, بەیەکەوە پەیوەست نین, بەڵکولەڕووی سۆزداریشەوە پەیوەستن. ئەوجۆرەخۆشەویستیە وەك ڕۆیشتنە بەسەرهەوادا, چونکەهیچ بنەماوبناغەیەکی نیە. زۆرکات لەگەڵ تووش بوون بەگرفت و ئاستەنگ, ئەوخۆشەویستیەش نامێنێت, نموونەی ئەوجۆرە خۆشەویستیانەش زیاترلەفیلمی ڕۆمانسی و ئەدەبی کلاسیکدا بەرچاو دەکەوێت, ئەو خۆشەویستیە پەرە دەسێنێت ئەگەر هاتوو, پابەندبوونی بۆ زیاد بوو, ئەگەر نا ئەوا کۆتایی پێدێت و هەرکەسەو دەبێت بەدوای کەسێکی تردا بگەڕێت.**

**6-خۆشەویستی هاوڕێیانە (Companionate Love):**

**ئەم پەیوەندیە تێکەڵەیەکە لەهۆگری وپانەدبوون, بەبێ ئامادەیی حەزو ئارەزوو. لە بنەڕەتدا جۆرێك لە هاوڕێیەتی درێژمەودایە, ئەم جۆرە پەیوەندیە بەهێزترە لە خۆشەویستی دۆستانە, بەهۆی بوونی لایەنی پابەندبوونەوە. ستێرنبێرگ دەڵێت ئەوجۆرە پەیوەندیە زیاترلەوهاوسەرگیریانەدا ڕوودەدات کە لەش و لار(سەرچاوەیەکی سەرەکیە بۆ حەزو ئارەزوو), جوانی و سەرنجڕاکێشی خۆیی لە دەستداوە. بەشێك لە ژن و مێردی کورد, دوای ساڵانێك لە هاوسەرگیری و گەیشتنیان بە تەمەنێك دەڵێن" بووین بە خوشك وبرا". لە کاتێکدا هۆگری و نزیکی هەروەها وەفا و بەڵێنی نێوانیان هەروەك خۆیی ماوە, بەڵام لە "حەز و ئارەزوو" شتێك نەماوەتەوە.**

**7-خۆشەویستی گەمژانە (Fatuous Love):**

**ئەم جۆرە لەخۆشەویستی کاتێك دروست دەبیت, ئەگەرحەزو ئارەزوو لەگەڵ پابەندبوون هەبێت, بەڵام هیچ هۆگریەك لەنێوانیاندا نەبێت. ستێرنبێرگ باوەری وایە لەوحاڵەتەدا تاکەکان لەیەکەم نیگادا عاشق دەبن, هەر زوو بەبێ ئەوەی یەکتری بناسن ماوەیەکی درێژ بەیەکەوە بن, بەڵێن بەیەکتری دەدەن. وە**

ستێرنبێرگ ئەو جۆرە پەیوەندیانەی کە لەیەکەم ڕۆژدا ڕووبەڕووی گەردرلوولێکی عاشقانە دەبنەوەو, لەدووهەفتەی داهاتوومارەبرین دەکەن و لەمانگی داهاتوودا هاوسەرگیری دەکەن, بە کارێکی گەمژانە ناو دەبات, چونکە بنەمای ئەو جۆرە پەیوەندیە لەسەر حەز وئارەزوو دامەزراوە هیچ هۆگریەکی ئەو تۆی تێدا نیە.

## 8-عەشقی کامڵ (تەواو) (Consummate Love):

عەشقی کامڵ یان تەواو, جۆرێکی تری خۆشەویستیە کەدەکەوێتە ناوجەرگەی سێگۆشەی ستێرنبێرگە وە,چونکە لەم جۆرە خۆشەویستیەدا, هەرسێ لایەنەکە ئامادەیی هەیە, ستێرنبێرگ پێی وایەئەم جۆرە پەیوەندیەکە هەموومان هەوڵی بۆ دەدەین بە تایبەت لە خۆشەویستی ڕۆمانسیدا. هەروەها پێی وایە گەیشتن بەو جۆرە خۆشەویستیە زۆرئاسانترە وەك لەوەی پارێزگاری لێ بکەی. هەروەك چۆن کەسێك کەئامانجی گەیشتنە بەدابەزینی کێشیەتی, دەتوانێت ئاسان بگات بەئامانجەکەی, بەڵام مەرج نیەبتوانێت پارێزگاری لە ئامانجەکەی بکات و بەردەوام لەو شێوەیەدا بمێنێتەوە. زۆرکات ڕەنگە کەسەکە بێ ئاگا بێت کە لەوەی کە ئامانجەکەی دۆڕاندوە, هەتا بە تەواوی لێی دوور نەکەوێتەوە یان لەبەر چاوی وون نەبێت. هەرکاتێك گەیشتی بەو جۆرە لە خۆشەویستی, پێویست دەکات کە مامەڵەی هەرسێ حاڵەتەکە بکەی, بە دربڕینێکی تردەبێت خۆشەویستەکەت هەست پێبکات و بزانێت چەندە هۆگر و نزیکیت لێی و چەند حەزت هەیە بۆی وە چەند پابەندی پێوەی.

| | تیۆری خۆشەویشتی | هۆگری | پابەندبوون | ئارەزوو |
|---|---|---|---|---|
| 1. | نەبوونی خۆشەویستی | | | |
| 2. | دۆستانە | | | |
| 3. | شەیدایانە | | | |
| 4. | پووچ | | | |
| 5. | ڕۆمانسی | | | |
| 6. | هاوڕێیانە | | | |
| 7. | گەمژانە | | | |
| 8. | عاشقانە | | | |

بۆنوسینی ئەم بابەتە سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

سەرچاوە:



1.Sternberg, R.J.(1986). A triangular theory of love. Psychological Reviw, 93(2) . 119-135. Yale Universtiy-Copyright 1986 By the American Psychological Association, lnc.

2.http://bit.do/ekhsS

3.http://bit.do/Theory-of-Love

4.http://www.irantahgig.ir/?p=4763

5.https://psychologia.co/triangular-theory-of-Love/

6.https://en.wikpedia.org/wiki/Robert Sternberg

## بیردۆزی فێربوونی هۆکاری

## "بی.ئێف.سکینەر"B.F.Skinner

سکینەریەکێکە لەگەورەترین ڕەفتار گەرە هاوچەرخەکانە کە به گوتەو پاڵپشتی زۆرینەی دەروناسەکان کاریگەری قوڵ و فراوانی لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی زانستی ونازانستی لە بارەی بوونەوەرە زیندوەکان و بەتایبەتی مرۆڤ داناوە. سکینەر لەساڵی 1904لەئەمریکا لەدایك بووە, پاش چەندین ساڵ خوێندن و لێکۆڵینەوەی دەروناسی بە تایبەتی ڕەفتار ناسی, بەم ئەنجامە گەیشت کە ڕەفتارەکانی مرۆڤ بە زۆری لەسەر بنەمای فێربوونەوە دروست دەبێت, و بەهۆی فێربوونەوە دەگۆڕێت, واتە ئەوەی کە ئێمەی بە دەروونی ناو ئەبەین سکینەر بە ڕەفتاری ناو ئەبات, بە گشتی لە(زانستی تێبینی) زمان, کارامەییەکان, بەهرەکان, تایبەتمەندیەکانی کەسێتی و هەروەها خودی کەسێتی, هەمووومان لەڕێگەی فێربوونیەوە دروست ئەبن, و تەواو ئەبن, بەم شێوەیە ناسینی ئەم یان خود دۆزینەوەی یاساکانی فێربوون, کلیلی

**ناسینی ئەم یاسایە ئەتوانرێت ڕەفتاری مرۆڤ (پێناسە) و(ئاڕاستە) و(پێشبینی) و(کۆنتڕۆڵ) بکرێت و (بگۆڕێت).**

**سکینەر لەسەر بنەمای دۆزینەوە وبیردۆزەکانی (پاڤلۆف, واتسن, وسۆرندایك) بەم ئەنجامە گەیشتوە کە بە نزیکەیی تەواوی ڕەفتارەکانی مرۆڤ, لەژێر فەرمان و کاریگەری هۆکارە (بە هێزکەرەکانی) دەوروبەرەوە دروست ئەبن یاخود ئەگۆڕێن.**

**فێربوون لە بنەڕەتدا پەیوەندی نێوان وروژێنەر و وەڵامە, بۆ ئەوەی ئەم پەیوەندیە دابمەزرێت ئەبێت چوار توخمەی خوارەوە هەبن:**

**1-وروژێنەر.**

**2-پاڵنەر.**

**3-وەڵام.**

**4-بەهێزکردن.**

**وروژێنەر هۆکارێکە لەدەروەی تاکدا, ئەچێتە ناوەوە و دیاری دەکات کە ئۆرگانیزم چ کاتێك و لەکوێ و کام وەڵام بخاتە ڕوو, وەڵامدانەوەش کاردانەوەی ئۆرگانیزمە لە بەرامبەر وروژێنەردا,**

**پاڵنەر وەك برێستی و دڵەڕاوکێ و یاخود توڕەیی و هۆکارەکانت پاڵنانی دەروونی تاکە, تاك بۆ کەمکردنەوەی توندی پاڵنەر ئەکەوێتە جوڵە, وبەهۆی ئەو(وەڵامدانەوەیە)کە بۆ کەمکردنەوەی توندی پاڵنەرەکەی ئەنجامی ئەدات پاداشتێك بەدەست ئەهێنێت, کە بەو پاداشتە ئەوترێت (بەهێزکردن).**

**سکینەر ئەو بیردۆزە دەروناسیانەی کە بنەمای زانستی و تاقیگەییان نیە, بۆ ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری بوونەوەرانی زیندوو بەتایبەتی مرۆڤ بەبێ نرخ ئەزانێت, و لەئەنجامدا یارمەتی وەرگرتن لە مەسەلە بۆلۆژی, بۆمایی, یاخود چەمکە ڕوتەکانی وەك (خود), (ئیرادە), (دەروون) هاوشێوەی ئەمانە بۆ ڕونکردنەوەی ڕەفتاری مرۆڤ بێ سودن.**

**بە بڕوای ئەو ئەتوانرێت کەسایەتی مرۆڤ لەسەر بنەمای ناسینی نمونەکانی پەیوەندی تایبەتی نێوان ڕەفتاری تاکی مرۆڤ و هۆکارە بەهێزکەرەکان, بخرێنە ژێر لێکۆڵینەوە.**

**لەگەڵ ئەمەشدا ئەم بابەتە لەگەڵ بیردۆزی زۆرینەی خاوەن بیردۆزەکاندا یەك ناگرێتەوە, لەبەرئەوەی ئەوانەی کەسێتی بەجۆرێك لەپێکهاتەی گریمانەیی , و واتایی ولێڵ دادەنێن, کەبەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناتوانرێت ببینرێت وهەڵبسەنگێنرێت.**

**سکینەر بە زۆرینەی بوونیادە بە مەرج بوونە کلاسیکیەکانی پاڤلۆڤ ڕازیە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ) بەشە گەورەیەی کە ڕەفتاری مرۆڤ لە( پەرچدانەوەی سادە Simple reflexیاخود وەڵامی مەرجی دروست بووە قایل نیە.**

**بەبڕوای ئەم زۆرینەی ڕەفتارە کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤ بە تەواوی لە ئەنجامی وروژاندنی دەوروبەر دروست نابن, بەڵکو سەرەتا ڕەفتارەکان لە بوونەوەرەوە سەر هەڵئەدەن و لە کاتێکدا کە ژینگە کار لەسەر بەهێز بوونیان ئەکات ئەمێنێتەوە, سکینەر ئەم بیردۆزەی خۆی ناونا (فێربوونی ئامرازی instrumental learningیاخود(مەرج بوونی هۆکاری ) واتە بە پێچەوانەی بیردۆزی پاڤلۆڤ و واتسن, لەم بیردۆزەدا تاك بونەوەرێکی چاڵاکە نەك تەنها ناکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی دەوروبەری خۆیەوە, بەڵکو کارئەکاتە سەر دەوروبەری خۆی, بە وتەیەکی تر هەر ڕەفتارێکی لە سروشتدا ئەگاتە ئەنجامێك کە ئەو ئەنجامە لە دووبارە بوونەوە یاخود دووبارە بوونەوەی ئەم ڕەفتارە لە داهاتوودا کاریگەری تەواوی هەیە, ئەم ڕەفتارە چ کتێب خوێندنەوە یا پاسکیل سواری یاخود قسەکردن یان میهرەبانی کردن یا توڕەیی و ترس......هتد بێت, ئەگەر ڕووبەڕوی (بەهێزکردنی ئیجابی) ئەرێنیانە ببێتەوە ئەوا پتەو دەبێت, وە ئەگەر ڕووبەڕووی بەهێزکردنی سلبی (نەرێنیانە) ببێتەوە, لاواز دەبێت, بۆ نموونە ئەگەر چەند جارێك سڵاو لەیەکێك بکەین و وەڵاممان نەداتەوە یان بەتوڕەییەوە وەڵاممان بداتەوە, ئیتر سڵاوی بۆ ناکەین, بەڵام ئەگەر بەگەرمی وەڵام بداتەوە دەبێتە بەهێزکەری ئەرێنی وپاڵنەر بۆ دووبارەکردنەوەی سڵاو کردن لەو کەسە.**

**واتە بە بۆچونی سکینەر ڕەفتارەکانی مرۆڤ لەسەر بنەمای بەهێزکردن ئەبن, وە لەسەر بنەمای دوو دیاردەی تر بە بارودۆخی هاوشێوەی بەرفراوان ئەبن, ئەم دوو دیاردەیە بریتین لە:**

**1- گشتگیری وروژێنەر.Stimulus generalization**

**2- دەستنیشان کردنی وروژێنەرStimulus discrimination**

**بە بەرفراوان کردنی ڕەفتاری بەهێزکراو, لەبارودۆخی هاوشێوەدا ئەوترێت, (گشتگیری وروژێنەر) کە لەژیانی ڕۆژانەدا شێوەی زۆری هەیە, وەك ئەو منداڵەی کە لەماڵەوەدا ڕەفتارێکی بە ئەدەبانە فێر ئەبێت, و بۆ ئەم فێربوونە بەشێوەیەکی ئیجابی بەهێز دەبێت, گشتگیرکردنی وروژێنەر ئەکرێت بەهۆی بەهێزکردنی سلبی یاخود وروژێنەری ئازاردەریشەوە ڕوودات, بۆ نموونە ئەو منداڵەی کە کەوتوەتە ژێر توڕەیی و دەسەڵاتداری باوکیەوە و ترساوە, هەر کاتێك لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی دا, ڕوبەڕوی نیشانەکانی توڕەیی دەسەڵات ببێتەوە و ئەترسێت وتوشی دڵەڕاوکێ ئەبێت, مرۆڤ فێرئەبێت کە لەسەر بنەمای ناسین و جیاکردنەوە ودەست نیشان کردنی بارودۆخە جیاوازەکان, لە بەرامبەریاندا کاردانەوەی گونجاو نیشان بدات.**

**بەبڕوای سکینەر ناهاوسەنگی و ناتەواوی کەسێتی, بەرهەمی سنورداریتی گونجاوی و هەلومەرجی گشتگیری و دەست نیشان کردنی مرۆڤە لەبارودۆخ و شوێنگا جیاوازەکاندا.**



**سکینەر دەڵێت ئەگەر منداڵ بەجۆرێك پەروەردە بکەین کەرەفتار تەندروستەکانی بەشێوەیەکی ئیجابی بەهێز بین, ئەوا ئەتوانرێت باشتر لە بارودۆخی جیاوازدا گشتگیری بکات و بەگشتی ئەبێتە مرۆڤێکی تەندروست.**

**مرۆڤ لە منداڵیەوە لە ڕێگەی بەهێزکردنی ئیجابیەوە ئەتوانرێت وروژێنەری تەندروست و ناتەندروستەکان و وەڵامدانەوە گونجاوەکانیان دەست نیشان بکات. وە هەر مرۆڤێك ڕەفتاری خۆی بە جۆرێك ڕێك دەخات کە لانی کەم بەهێزکردنی ئیجابی زۆر (پاداشت) و بەهێزکردنی سلبی (سزا) ی کەمتر وەربگرێت.**

# اریك بێرن:

**یەکێك بووە لە پێرەوانی دەروونشیکاری فرۆید و بەڵام دواتر تیۆرێکی تایبەتی بەناوی خۆی دانا بە ناوی (نظرية التحليل التفاعلات).ئەوجیاوازلەفرۆید کەسایەتی مرۆڤی دابەشکرد بەسە سێ بەش ئەوانیش(منی باوان- منی پێگەیشتوو- منی منداڵ), بەپێی لێکدانەوەی بێرن لە هەموو مرۆڤێکدا سێ جۆری کەسایەتی هەیە, هاوشێوەی دابەشکردنەی فرۆید کە دابەشیکردبوو بەسەر( من- منی باڵا- ئەو), بەڵام بەشەکانی بێرن جیاوازی هەبوو لەگەڵ فرۆید.**

**منی باوان:**

**لە مرۆڤدا ئەو بەشەیە کە پێکهاتووە لە بەهاو باوەڕ و ڕەوشتە ڕێگەپێدراوەکان لەلایەن باوانەوە یان کۆکراوەی ئەوداواکراوە دەرەکیانە(لەلایەن کەسانی دەورووبەری تاکەوە)کەلەتاك دەکرێت, ئەو"من"ە لەمرۆڤدا لەشێوە یاساو ڕێساکان و قەدەغەکراوەکان وڕێگەپێدراوەکان خۆی دەنوێنێت, واتە هەموو مرۆڤێك بەشێك لە باوانی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە کە مواقیفەکانی ژیانیدا وەك ئەوان یاسا دەردەکاو شت قەدەغەدەکات و ڕێگەش بەشت دەدات وباش و خراپ بۆ بەرامبەرەکەی دیاری دەکات.**

**کاتێك منی باوك لە مرۆڤدا قسە دەکات ئەوا فەرمان دەکات نەك داوا.**

**بەڵام منی پێگەیشتوو The Adult Ego State:**

**بریتیە لەکۆمپیوتەری کەسایەتی کەهەڵدەستێ بە تۆمارکردن وناردنی زانیاری و داتاکان ئەو ئەلتەرە ناتیڤانەی کە هەیە هەڵیان دەسەنگێنێ, بڕیارەکان لەسەر بنەمای زانستی دەدات نەوەك لە ژێر کاریگەری منی باوان یان لایەنی سۆزداری منی منداڵ, واتە هەم لایەنی دەرەکی مرۆڤ وە هەم لایەنی ناوەکی بەگرنگی وەردەگرێت لەساتی بڕیارداندا, کاتێك مرۆڤ لەژێر کاریگەری منی پێگەیشتوو دا دەبێت ئەوا بڕیارەکانی بە ژیرانە و واقیعانە دادەنرێت وە تەنها گرنگی بە ڕاستیەکان دەدات منی پێگەیشتوو بەشێکی پێویستە بۆڕاگرتنی هاوسەنگی کەسایەتی لەنێوان دووبەشەکەی تردا.**

**منی منداڵ The Child Ego State:**

**هەموومرۆڤێك لەژیانیدا منداڵ بووە وە کاریگەریەکانی منداڵی دەردەوام دەبێت لەسەر ژیانی. بەشێکی گرنگە لەکەسایەتی داو مرۆڤ لەڕێگەی ئەم بەشەوە چێژوەردەگری, بەڵام بەمانای ئەوەنیە کە منێکی نا پێگەیشتووە, بەکۆمەڵێك شێوەی جیاواز دەکەوێتە ژێرکاریگەری منی باوان, وە جیاوازە لە"ئەو"ی فرۆید لەگەڵ ئەوەی کاریگەرە بە منی منداڵ, نارێك و پێك و ئاڵۆزنیە وەکو "ئەو"ی فرۆید, منی منداڵ تەنها سلبیات و هەستی هەڕەمەکی منداڵ ناگرێتە خۆ, بەڵکو بەشێك لە کەسایەتی منداڵی دەنوێنێ لە شێوەی خەون و خەیاڵ و سۆز.**

**بەلای"بێرن"ەوە ئەو سێ بەشە دەبێت هەرسێکیان بەهەماهەنگ وهاوکاربەیەکەوە کاربکەن دۆخێکی تەندروست دەبێت. لەبەر ئەمە لە هەموو مرۆڤێکدا منی منداڵ بوونی هەیە ئایا تا ئیستا تۆ توانیوتە منداڵەکەی ناخی خۆت بدۆزیەوە ڕامی بکەی.**